له‌ فارسییه‌وه‌ : ڕێباز مسته‌فا

# ئاشنابوون به‌ ئه‌رستۆ

سه‌رپه‌رشتیاری پرۆژه‌:

ئه‌نوه‌ر حسێن «بازگر» - لوقمان ڕه‌ئوف

تایبه‌ت ترین بنکه‌ی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ئایدیا

گۆڤارێكی فكریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێكۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا



سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a·bazgr@gmail·com
07701535029
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo·com
07701369792



تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر، دیلان دڵشاد
چاپ: چاپخانەی كارۆ

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

**پێشەکی**

ئەرستۆ لەوانەیە یەکەمینو گەورەترین بیرمەندی هەمەلایەنە بێت، وەکو چۆن بەناوبانگە لەبارەی هەموو شتێک، لەشێوەکانی سەدەفەوە بگرە، تا نەزۆکی، لەنێرامانە تیۆریەکانی لەمەڕ ماهیەتی ڕۆحەوە بگرە تا کەشناسی، شیعرو هونەرو تەنانەت لەبارەی شیکردنەوەی خەون، بابەتو وتاری نوسیوە. گووتراوە کە ئەرستۆ هەر وشەیەک لەزانست کەپەنجەی خستبێتە سەر گۆڕانی تێداکرد (جگە لەبیرکاری کەتیایدا ئەفلاتونو بیرکردنەوەی ئەفلاتون هەروا باڵادەستی خۆی پاراست)، بەڵام لەمانە هەمووی گرنگتر ئەرستۆ بەدامەزرێنەری لۆژیک دەژمێردرێ.

*کاتێ کەئەو بۆ یەکەمینجار زانستی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆی لەکایەو بوارە جیاوازەکاندا پۆلێن کرد، ئەو تواناو قابلیەتەی بەدرکو تێگەیشتنی ئێمە، سەبارەت بەجیهان بەخشی، کەبەشێوەیەکی سیستماتیکیانە پەرەبسەنێو پێبگات، بەڵام لەسەدەکانی دوایدا زانستو زانیاری ئێمە، تا ئەو رادەیە پەرەیسەند، کەهەر ئەو پۆلێنبەندیە خۆی گۆڕاو بوو بەکۆسپو بەربەستێکی راستەقینە لەسەرڕێی پێشکەوتنی زانست. پێشکەوتنی زانست لەوجۆرە سیستمە هزریانەدا، تەنها لەو ڕێگاو ڕێبازانە کەپێشتر دیاریکراون، مەیسەربوون. ڕێگاو ڕێبازگەلێک کەزۆریان رووبەڕووی نەمانو لەنێوچوونی پلە بەپلە دابوون. شێوازو ڕێبازێکی لەبناغەو بنچینە جیاواز، پێویست بوو. ئەنجامی ئەو شێوازو ڕێبازە فەزای هاوچەرخی زانستی نوێیە.

ئەو راستیەی کەزیاتر لەبیست سەدە درێژەی کێشا، تا ئێمە پیمان بەو

سنوربەندیانەی بیرکردنەوەی ئەرستۆ برد، تەنیا نیشاندەری داهێنانو ئەفراندنەکانی ئەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت بەسەرچوونی بیرکردنەوەی ئەرستۆیی، خۆی پرسیارگەلێکی زۆری فەلسەفی وروژاندووە. هێشتا چ ئەندازەیەک سنووربەندی تری لەو جۆرە لەشێوازی بیرکردنەوەی ئێمەدا هەن، کە دەبێ لەسەریان رابوەستین‌و هەڵوێستیان لەبارەوە وەربگرین؟ کەم‌و کورتیەکانی لەوجۆرە لەشێوازی بیرکردنەوەی ئێمەدا، ئاڕادەیەک مەترسیدارن‌و ئەو سنووربەندی و کەم‌و کورتیانە بەڕاستی ئێمە لەزانین‌و تێگەیشتنی چ شتگەلێک پەک دەخەن؟

**ژیان‌و بەرهەمەکانی ئەرستۆ**

لەبەرزاییەکانی گوندی (ئەستاگیرا) کەدەکەوێتە باکوری یۆنان، لەسەر کەلێکی بەرز، پەیکەرێکی تازەو ئاڕادەیەک بێگیانی ئەرستۆ چێکراوە. سیماو چاوی بڕیوەتە تەپۆڵکە ناهەموارو بەدرەخت داپۆشراوەکان، کە تاچاو بڕدەکات بەرەو دەریای شینی (ئیجە) درێژ بوەتەوەتەوە. پەیکەری تەواو سپی‌و مەڕمەڕیی ئەرستۆ، کە لەژێر تیشکی هەتاودا کەم تازۆر دەدرەوشێتەوە، پێڵاوێکی سەندەلی لەپێ‌و (توگا)«1»یەکی یەخەکراوەی لەبەرو تۆمارێکی بەدەستی چەپەوەیە، کەکەمێک لێوەکانی پەڕیوە. (دەڵێن ئەو زیانەی لەلایەن مامۆستایەکی فەلسەفە، کەخەڵکی ئەرژەنتین بووەو بەدوای راوکردنی یادگاریەوە بووە، پێگەیشتوە!) لەسەر پایەی پەیکەرەکەشدا دەستەواژەی (ئەرستۆ ئەستاگیرایی) بەیۆنانی هەڵکەندراوە.

*ئەرستۆ لەئەستاگیرا چاوی بەجیهان هەڵهێنا، بەڵام وێڕای شوێنی پەیکەری ناوبراو، گوندی ئەستاگیرای ئەمڕۆ شوێنی راستەقینەی لەدایکبوونی ئەرستۆ نییە. وەک لەکتێبی رێنوێنی ناوچەکەدا هاتووە، شوێنی لەدایکبوونی ئەرستۆ، گوندی ئەستاگیرای دێرینە، کە لەهەمان دەورووبەری گوندە تازەکەوەیەو وێرانەکانی هێشتاش بەدیدەکرێن. دوای دیداری ئومێدبڕانەم لەپەیکەری ناوبراو، بۆ دۆزینەوەو بینینی وێرانەکان کەوتمەڕێ. (بەتمەن)ێکی مێردمنداڵ کە لەخوێندنگە دەگەڕایەوە بۆ ماڵ پێیووتم: ئەو وێرانانەی تۆ بەدوایاندا دەگەڕێی، لەشوێنێکی خوار جادەکەوەن. خوێندکارەکە بە تەکاندانێکی شانێڵە پلاستیکیە رەشەکەی جادەیەکی نیشاندام کە بەرەولای دەریا دەڕۆیشت. پیادە سەرەوژێر بەجادە

درێژو پێچاوپێچەکەدا کەوتمەڕێ. گەرما وەڕسی کردبووم‌و بەردەوامیش گرمەی زەندەقبەری هەورەتریشقە لەسەر ئاسمانی بەردەڵان‌و بەرزاییەکانی دەوروبەرم گوێی کاسدەکرد. دوای ئەوەی کاتژمێرێک ئاوا تێپەڕی، دواجار، ئۆتۆمبێلێک لەتەنیشتم سنۆپی کردو بەخۆڕایی منی گەیاندە (ئەستراتونی). ئەستراتونی تێکەڵەیەکی ترسناکە لەپشوگایەکی چۆڵی کەنار دەرياییو گوندۆچکەیەکی کانزایی. ناونیشانی ئەسناگیرای کۆنم لەدارتاشێک، کەسەرقاڵی چاککردنەوەی قاوەخانەیەکی داخراوی تەنیشت کەنارێکی چۆڵ بوو پرسی وتی: کەمێک سەرووتر لەباکووری جادە کۆنەکەیە.

زوو بۆم دەرکەوت کە لەمانگی ئۆکتۆبەردا، ئۆتۆمبێل بەکەمی بەم جادەیەدا رەتدەبن، هەروەها بارانبارینە پاییزەییەکانی ئەم دەڤەرە، ئەوکاتەی کەدەستپێدەکەن، رەنگە زۆر بەڕەهێڵەو توند بن. کاتژمێرێکی تەواو لەبن بەردێکی باریکدا، لەبەر رێژنەی باران کەدەتوت ئاسمان کونبووەو وەکو تاڤگە لەدامێنی رووتەنی تەپۆلکەکاندا، بەخوڕ دادەباری، پەنامگرت. نەنیشانەیەک لە وێرانەکان دەبینراو نەئۆتۆمبێلێک لەنێو ئەو رەوشە تاریک داهاتووەی هەورەتریشقەکانی دەورووبەرم پەیدا دەبوو. من کەئیدی هەموو گیانم تەڕببوو وئاوم لێدەچۆڕا، لەبەرخاتری پەیکەری ئەرستۆ کەمنی بۆ ئەسناگیرا، ئەسناگیرای درۆیین راکێشابوو، جنێوم بەخۆم دەدا. لەفریوخواردن بەولاوە شتێک لەگۆڕێ نەبوو. گوندی ئەسناگیرای ئێستا ناوە هاوشێوەکەی ئەسناگیرای راستەقینەی لێدەرچێ، بەهیچ شێوەیەک شایستەی ئەوە نییە، کەشوێنی لەدایکبوونی ئەرستۆ بێ، کە ئەگەر وانەبێ، لەسەر هەمان پێوەر دەکرێ پەیکەرێکیش بۆ ژاندارک لەشاری (نیوئورلینز) چێبکرێ..

ئەرستۆ لەساڵی (384)ی پێش زایین لەئەسناگیرای دێرین، کە یەکێک لەشارە مەقدۆنیەکانی یۆنانە، لەدایک بووە. یۆنانیە کۆنەکان لەسەدەی چوارەمی پێش زایین بەهەمان ئەوچاوە سەیری مەقدۆنیایان دەکرد ،کە ئەمرۆ فەڕەنسیەکان سەیری ئینگلستان‌و ئەمریکا دەکەن، بەڵام ئەسناگیرا لەبازنەی (شارستانیەت) بەدەر نەبوو. ئەم شارۆچکەیە، شارۆچکەیەکی بچووکی کۆچبەرنشینی یۆنانی بوو، کەدوورگەی (ئاندروس)ی نێو دەریای ئیجە دروستی کردبوو.

باوکی ئەرستۆ کەناوی (نیکوماخوس) بوو، پزیشکی تایبەتی (ئامونتاس) ی پادشای مەقدۆنیو باپیری ئەسکەندەری گەورە بوو. بەهۆی ئەو پەیوەندیەوە، کەدواتر دۆستایەتی ئەو دوانەشی بەدوای خۆدا هێنا، باوکی ئەرستۆ وەک باسکراوە سامانێکی زۆری پێکەوە ناوەو بوەتە خاوەنی موڵکو زەویو زارێکی فراوانی دەوروبەری ئەستاگیراو ناوچەکانی تری یۆنان.

ئەرستۆی نۆبەرە لەنێو حاڵو هەوای زانستی پزیشکییدا پەروەردە بوو. هێشتا لەتەمەنی مێردمنداڵیدا بوو کەباوکی لەدەستدا. دوای مردنی باوکی ئەرستۆیان بردە شاری (ئاتارنیۆس)ی یۆنانی کەدەکەوێتە لێواری رۆژئاوای ئاسیای بچووکو لەوێ لای (پرۆکسنوس)ی کوڕەمامی پەروەردە بوو.

ئەرستۆ وەک زۆربەی ئەو کەسانەی کەمیراتێکی زۆریان بۆ بەجێدەمێنێ، رووی کردە وێڵخەرجیو دەستبڵاوی. بەپێی گێڕانەوەیەک هەموو ئەو داراییو سامانەی بەمیراث بۆی بەجێمابوو، لەعەیشو نۆشو خۆشگوزەرانیدا خەرجی کردوو وسەرئەنجام ئەوەندە پەڕپووت وبێ پارە مایەوە کەبۆ خۆژیاندن ناچاربوو ماوەیەک بچێتە نێو سووپا. دواتر گەڕایەوە ئەستاگیراو لەوێ کەوتە خوێندنی زانستی پزیشکی. تەمەنی سی ساڵ بوو کەوازی لەپزیشکیش هێناو ئەمجارە چووە ئەسیناو ماوەی هەشت ساڵ لەئەکادیمیا لەژێر چاودێری ئەفلاتوندا خەریکی خوێندن بوو. دواتر دیرۆکڤانو حاڵنووسی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، کە بەتەمابوون سیمایەکی (قەدیس) ئاسا لەئەرستۆ وێنابکەن، دەیانویست کە ئەو بووختانە باوەڕنەکراوانە نادیدە بگرن، یان بەزیادەڕۆو مووبالەغەیان بدەنە قەڵەم. گێڕانەوەیەکی تریش لەبارەی ساڵەکانی قۆناغی لاوێتی ئەرستۆ هەیە. بەپێی ئەو گێڕانەوەیە ناخۆشتر (بەڵام نزیکتر لەواقع) ئەرستۆ لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا یەکڕاست چوەتە ئەکادیمیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت هەندێ سەرچاوەی ئەو گێڕانەوەیەش ئاماژە بەماوەیەکی کورتی عەیاشیو وێڵخەرجی ئەرستۆ دەدەن.

بەهەرحاڵ هێشتا ئەوەندە بەسەر هاتنی ئەرستۆ بۆ ئەکادیمیا تێنەپەڕیووە کە ئەو بەلێبڕاویەوە دەستی بەخوێندنو مووتاڵاکردنێکی چڕوپڕ کردو هەرزو وەکو وردبینترین خوێندکارو بیرباری نەوەی خۆی، خۆی سەلماند. لەسەرەتادا ئەرستۆ هەر تەنها قوتابیەک بوو هیچی تر، بەڵام زوو داوای لێکرا کەببێتە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

یەکێ لەهاوکارانی ئەفلاتون. واپێدەچێ کە ئەرستۆ، لەدەستپێکی کاردا، بەتەواوی شەیداو مریدی ئەفلاتون بووە، بێگومان هەموو ڕێنوێنیو تەعلیماتەکانی ئەفلاتونی کە لەئەکادیمیادا دەخوێندران فێربوو وفەلسەفەی خودی ئەو لەسەر بنەمای پرنسیپەکانی ئەودا، بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ومەحکوم جێگیربوو، بەڵام هۆشو زیرەکی ئەرستۆ زۆر لەوە زیاتربوو، کەتەنها بەدوای کەسێکدا بڕوا، تەنانەت با ئەو کەسە ئەفلاتونیش بێ. کاتێک کەئەرستۆ شتێکی دەکەوتە بەرچاو، یاگوێی لێدەبوو وپێدەچوو ناکۆک (یاخوا نەخواستە ناتەواو) لەکاری مامۆستاکەیدا هەیە، پەنجەی دەخستە سەر بەحوکمی ئەرکی عەقڵانی خۆی واهەستی دەکرد کەدەبێ ئەو شتە باس بکاتو بیخاتە بەرچاوی مامۆستاکەی. ئەو نەریتەی ئەرستۆ وردە وردە بووە مایەی هەراسانبوونی مامۆستاکەیو ئەگەرچی ئەوان هەرگیز نەکەوتنە مشتوومڕی زارەکی لەبەرامبەر یەکتر، بەڵام بەڵگەی پشتڕاستکراوە ئەوەیە، کەهێواش هێواش ئەو دووانە وەکو دوو لەگەورەترین پایەی ئەندێشمەندانی رۆژگاری خۆیان، وایان بەچاک بینی، کەسنورو مەودایەک لەنێوان خۆیاندا لەبەرچاو بگرن. وەک چۆن بەناوبانگە، ئەفلاتون ناوی ئەرستۆی بە (مێشکێک لەسەر دوو قاچ)دەبردو ماڵەکەشی بە (خوێندنەوەخانە) ناو دەبرد. ئەو ناونانە ئاماژەبوو بۆ گەنجینەی بەناوبانگی دەستنوسە کۆنەکان، کەئەرستۆ لەماڵی خۆیدا دەیپاراستن. ئەرستۆ عادەتی وابوو نوسخە دەستنوسە دەگمەنەکانی بەرهەمو نوسینە کۆنەکان، تا بۆی دەکرێو دەستی دەکەوێ بیانکڕێ، بەیەکەمین هاووڵاتی بێ پلەوپایەو پۆستی دیاریکراو دەژمێردرا، کەخاوەنی کتێبخانەیەکی تایبەتی بوو.

وەک دیارە زانستخوازی لاو داهاتێکی زۆری لەموڵکە بەمیرات بۆ بەجێماوەکانی دەستکەوتوەو زۆری نەبردوە، کە لەئەسینا بەهۆی رەفتاری هۆشمەندانەو شێوازی ژیانی مەزنانە (هەرچی تاڕادەیەک بەفیزانە)ی بووە وێردی سەرزاری خەڵک. لە گێڕانەوەکاندا هاتووە، کەئەو قەدو قیافەیەکی لاوازو قاچوقوولێکی درێژو باریکی هەبوو وبەسەری زمانی قسەی دەکرد. رەنگە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو (کێماسیە رواڵەتیانە) بووبێت کەهەمیشە جلووبەرگی ڕێکوپێک وجوانی لەبەردەکردو زۆر شیکپۆشبوو ونوێترین مۆدێلی (سەندل) و(توگا)ی دەپۆشیو ئەنگوستەکانی خۆی بەئەنگوستیلە کە بەجوانترین سەلیقە

جەواهیرنیشان کرابوون دەڕازاندەوە. تەنانەت ئەفلاتون کەدەستکورت نەبوو، بەخیلی بەکتێبخانەی ئەرستۆ دەبرد. لەگەڵ ئەوەشداو وێڕای ئەو شێوە ژیانە ئاسودەو زانستخوازیە، نوسینە سەرەتایەکانی ئەرستۆ (کەئێستا ئیدی لەنێوچوون) زۆربەیان گفتووگۆ و وتەگەلێک بوون، لەبواری بێهوودەیی دنیاو پەسەندکردنو پێداهەڵدانی خۆشیو ئەنگیزەکانی دواڕۆژ.

ئەرستۆ مەیلێکی خودی هەبوو بۆ شرۆڤەو لێکۆڵینەوەی بابەتە کرداریو زانستییەکان. ئەو مەیلە ئەو بوارەی بۆ فەراهەمکرد کەبەدیدێکی کە ڕۆژ دوای ڕۆژ واقعبینانەتر دەبوو بنوارێتە تێڕوانینەکانی ئەفلاتون. ئەفلاتون پێیوابوو، کە ئەم جیهانە جیهانی شتە وردە لاوەکیەکانە (امور جزئی) کەئێمەی لەخۆگرتوەو ئەوەی درکی دەکەین تەنها شێوە رواڵەتییەکان یان نموونەو دیاردەکانەو حەقیقەتی جێی مەبەست لەجیهانێکی تردا، واتە لەجیهانی ئایدیاکاندایە کە بەوێنە یان نموونەگەلی ئایدیالی هاوشێوەن. شتە بچووکو لاوەکیەکانی جیهان، کە درکیان دەکەین، واقعیەتو هەبوونی خۆیان تەنها لەڕێڕەوی بەهرەمەندیی لەو جیهانەی ئایدیا رەسەنەکان (ایدەهای ناب) وەدەست دێنن. بەم پێیە پشیلەیەکی دیاریکراو وەک پشیلەیەکی رەش کەدەیبینین لەسەر کورسیەک خۆی راکێشاوە، تەنها لەو رووەوە پشیلەیە کە لەئایدیا (یا نموونەی) بنچینەیی پشیلەبوون، یان پشیلایەتی بەهرەمەندبووەو لەو رووەوە رەشەکە لەئایدیا (یا نموونەی) رەشێتی بەهرەمەند بووە. تاکە راستیەکی بێ ئەملاو ئەولا لەپشت جیهانی هەستەکان، لەهەرێمی بنچینەیی ئایدیاکاندا جێیگرتوە.

لەکاتێکدا کەدیدی ئەفلاتون بۆ جیهان، لەبنەڕەتدا دیدێکی ئاینی بوو. دیدی ئەرستۆ زیاتر مۆرکی زانستی هەبوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کەئەرستۆ هیچ پێخۆشبوونێک بۆ قبووڵکردنی ئەندێشەی ناواقعیبوونی جیهانی دەوروبەرمان لەخۆی نیشان نەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەرستۆش دابەشکردنی شتەکانی بۆ جەوهەرە یەکەمەکانو جەوهەرە دووەمەکان پەیگیری کرد. بەو جیاوازییەی کەلای ئەرستۆ جەوهەرە یەکەمەکان شتە بچووکو لاوەکییەکانی جیهانو جەوهەرە دووەمەکان بریتی بوون لەئایدیاکان یان فۆڕمەکان. ئەرستۆ لەسەرەتا دوودڵ بوو کەکام لەو دوو جەوهەرانە بەڕاستی جێی مەبەستن. ئەمە

ئاڕادەیەک بەهۆی لەبەرچاوگرتنی ڕێزی ئەفلاتونەوە بوو. (هەرچییەک بێت، بەر لەهەمووان مامۆستای پیری ئەو چەمکو تێگەیشتنانەی باسکردبوون)، بەڵام وردە وردە ئەرستۆ زیاترو زیاتر گەیشتە دڵنیایی کە لەجیهانێکی واقعییدا دەژیو لەدیدگای ئەفلاتون دوورکەوتۆتەوەو مەودای گرتووە.

بەتێپەڕبوونی ساڵان ئەرستۆ بەکردەوە فەلسەفەی ئەفلاتونی ئاوەژوو کردەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینو تیۆرە میتافیزیکییەکانی ئەو بەئاشکرا لەدیدو تێڕوانینەکانی ئەفلاتونەوە وەرگیراون. لەکاتێکدا کە لەدیدی ئەفلاتوندا فۆڕمەکان ئایدیاگەلێک بوون کە بوونێکی سەربەخۆو جیا (لەجیهانی ئێمە) یان هەبوو، ئەرستۆ فۆڕم (یان وەک خۆی ناوی نابوو گشتەکان)ی زیاتر وەکو وێنەی بوونەوەری ناو جەوهەرەکانی جیهان لێکدەدانەوەو سەیری دەکردنو بوونێکی سەربەخۆی بۆ دانە دەنان. ئەرستۆ ژمارەیەک بەڵگەی هەڵتەکێنەری سەبارەت بەرەتدانەوەی تیۆری ئەفلاتون خستەڕوو، بەڵام وەک پێدەچێ ئاگای لەوە نەبووبێ کە ئەو رەخنەگرتنانە بەهەمان ئەندازە بنچینەی تیۆری (گشتەکان) ی خۆیشی هەڵدەتەکێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا پێناچێ کەسێکی تریش تێبینی ئەوەی کردبێ. سەرئەنجام تیۆرو تێڕوانینەکانی ئەفلاتون بەگشتی لەقاڵبی ڕێنوێنیو تەعالیمە هەموارکراوەکانی ئەرستۆ وەکو فەلسەفەی باڵادەستی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست جێگیر بوو.

خۆشبەختانە زۆر خاڵی ناڕۆشنو دژبەیەکی ئاشکرا لەنوسینەکانی ئەرستۆدا هەن، کەئەمە خۆی بیانویەکی بۆ باسو مشتومڕی فراوان خستە بەردەستی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، باسو مشتومەڕگەلێک، کە لەلێکدانەوەو دیدگا لێکجیاوازەکاندا هەڵقوڵابوون. هەمان ئەو مشتوومڕو دەمە تەقێیانەی سەبارەت بەهەڵەکان، بیدعەتەکان، باوەڕە چەوتە تێکدەرەکانو شیکردنەوە نادروستو شەیتانیەکان بوون، کە چەمکو تێگەیشتنی فەلسەفەیان بەزیندویی دەهێشتەوە، ئەویش لەسەردەمێکدا، کە بەگشتی کاروباری فەلسەفە بەکردەوە دامرکابووەوە (یان دەشێ بڵێین بەدەربڕینێکی دروستتر چووبووە نێو قۆناغێکی دوورو درێژتر، قۆناغێکی لەوجۆرەی کە ریپ ڤان وینکل بەسەری بردبوو). هەندێ لەو باوەڕەدان کەزۆرێک لەو مشتوومڕو دەمەتەقێیانە سەرچاوەیان لەهەڵەی نووسەرە سادەکانو

دانەرانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گرتووە. ئەو هەڵانە لەبەرئەوە روویاندەدا کەنوسخە نوسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەپێی، مەزەندەی خۆیان وشەو زاراوە گەلی تریان لەجێی وشەو زاراوە گەلی ناڕۆشنی نێو سەرچاوە ئەسڵیەکان، کەئیدی ئەو سەرچاوە ئەسڵیانە ببوونە کتێبی پەڕپووتو کرم خواردوو دڕاو، دادەنا.

ئەفلاتون لەساڵی (347)ی پێش زایین دنیای بەجێهێشتو سەکۆی سەرۆکایەتی ئەکادیمیا بێ سەرۆک مایەوە. شەش کەس لەشایستەترین هاوکارەکانی ئەفلاتون گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی، کەتەنها یەک کەس بۆی هەیەو مافی وەرگرتنی ئەو پۆستە ناودارو ئابڕوومەندەی هەیە. بەداخەوە هەریەک لەو شەش کەسە کەسێکی جیا لەوانی تری بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە لەمێشکدابوو (کە هەڵبەتە خۆی بوو). ئەرستۆش لەو بارەیەوە لەوانی تر جیاواز نەبوو. سەرئەنجام (ئەسپۆسیپۆس)ی کوڕە مامی ئەفلاتون گەیشتە ئەو پۆستەو ئەمە بووە مایەی بێزاری ئەرستۆ. وەک چۆن ئەوە بەناوبانگە، ئەسپۆسیپۆس کەسێکی زۆر توندو ناهەموار بوو، بەڕادەیەک کەڕۆژێک سەگەکەی خۆی بەتاوانی وەڕین لەکاتی دەرسدانەوە بەزیندوویی فڕێدایە نێو بیرێکی ئاو. ناوبراو دوای ئەوەی لەپێکداهەڵشاخانێک لەگەڵ (دیوژن کەلبی) لە (ئاگۆرا) زۆر خراپ لەلایەن خەڵکەوە سووکایەتی پێکرا، سەرئەنجام خۆی ئامرازی راحەتی مردنی خۆی فەراهەمکرد. ئەسپۆسیپۆس بەهیچ شێوەیەک لەڕووی هزریەوە هاوشێوەی ئەفلاتون نەبوو، ئەو ئەفلاتونەی کە چەمکو تەعلیماتەکانی بوون بەژێربنای هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی عەقڵی، جیدیی لەدووهەزار ساڵی دواییدا. کاتێک کە ئەسپۆسیپۆس سەرۆکایەتی ئەکادیمیای گرتە ئەستۆ، ئەرستۆ بەسەرودڵێکی زۆر نیگەران ئەسینای بەجێهێشتو (کسنوکراتس)ی هاورێشی (کە ئەویش یەکێکی تر بوو لەناوزدە دڵشکاوەکانی پۆستی سەرۆکایەتی) لەو سەفەرەیدا لەگەڵیدابوو.

ئەرستۆ بەسواری کەشتی بەدەریای ئیجەدا تێپەڕیو چووە (ئاتارنیوس) کەسەردەمی لاوێتی خۆی تیادا بردبووە سەر. فەرمانڕەوای ئاتارنیۆس لەوسەردەمەدا خواجەیەک بوو بەناوی (هەرمیاس) و بەکرێگیراوێکی یۆنانی بوو کەتوانیبووی ئەو گۆشەیە لەئاسیای بچووک، بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. هەرمیاس زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەوەی، کە لەئەکادیمیادا بینیبوویو کاتێ کە ئەرستۆ گەیشتە

ئاثارنیۆس بەباوەشی ئاوەڵا چووە پێشوازیکردنی. هەرمیاس بڕیاری ئەوەی دابوو، کە ئاثارنیۆس بکاتە نێوەندێک بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی یۆنانیو ئەرستۆ دەست بەکاربوو، تا لەبارەی باشترین رێگا بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە هەرمیاس رێنوێنی بکات.

فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆ، بەگشتی لەخۆگری شرۆڤەو هەڵسەنگاندنی سیستمە جۆراوجۆرە حکومەتیەکانو ئەوەی کەچۆن چۆنی دەتوانرێ ئەوسیستمانە بەباشترین شێوە بەکاربهێنرێن بوو. تێگەیشتنی ئەرستۆ لەزانستی سیاسی تێگەیشتنێکی قووڵبوو. ئەمە بووەهۆی ئەوەی کەتەواو بەپێچەوانەی ئەفلاتون کەدیدێکی ئایدیالیستیانەی بۆ سیاسەت هەبوو، دیدگایەکی پڕاگماتیستی، یان کرداریانە بگرێتە بەر. ئەفلاتون لەکتێبی (کۆمار)دا ئەوەی شیکردبووەوە کە فەیلەسوف - فەرمانڕەوا دەبێ چۆن چۆنی فەرمانڕەوایی نموونە شار یان (شاری شکۆدار)ی ئەو (کە وەکو هەر نموونە شارێکی تر لەڕاستیدا شتێک نەبوو، جگە لەحکومەتێکی زۆردارانە)بکات، بەڵام ئەرستۆ بەپێچەوانەوە باسی دەکرد کەحکومەتێکی راستەقینەو کرداری چۆن کاردەکاو هەنگاو دەنێو لەو زەمینەیەدا، هێڵە گشتیەکانی شێوازە کاریگەرەکانی هەنگاوانانو کارکردنی کەکەم تازۆر زۆربەیان لە (فەلسەفەی سیاسی)ی ماکیاڤیلیدا بەدی، وێنا دەکردو دادەڕشت.

ئەرستۆ بەچاکی لەگەڵ کاروبارو پرسی سیاسەتدا ئاشنابوو وئەوەشی دەزانی، کەبۆ ئەوەی سیاسەت بەڕاستی سوودێکی هەبێ، دەبێ کاراو کاریگەر بێ. ئەمە بەو مانایە نییە، کەئەو هەڵگری هیچ چەشنە ئامانجێک نەبووبێ. بەگشتی بیروباوەڕی ئەرستۆ ئەوەبوو، کەئامانجی حکومەت پەروەردەو پێگەیاندن، داکۆکیکردنە لەدەستەیەک لەمرۆڤە شەرافەتمەندو هۆشیارەکانی وەکو خۆی، هەرچەندە ئەوەشی قبووڵدەکرد کە ئەمە هەموو دەم مەیسەر نییە. بۆ نموونە بۆ بەڕێوەبردنی سەرکەوتووانەی حکومەتێکی زۆردارانە فەرمانڕەواکەی دەبێ وەکو کەسێکی زۆردار رەفتار بکات. لەو حکومەتە پۆلیسیەدا جێیەک بۆ بژاردەو کەسە هۆشیارو زانستخوازەکان جێی مەبەستی ئەرستۆ نییە. ئەگەرچی لەنوسینێکی تردا، ئەرستۆ ئەوە باس دەکات کەڕێگایەکی تریش بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی زۆردارانە هەیە: کەسی زۆردار دەتوانێ حاڵەتێکی ئاینی لەخۆ بگرێو سیاسەتێکی نەرمو



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

مامناوەندیانە هەڵببژێرێ.

هەندێ لەو باوەڕەدان کەڕەنگە ئەرستۆ لەکاتی ڕێنوێنی کردنی هەرمیاسی زۆردار ئەو دیدو شێوازە نەرمو مامناوەندیەی گرتبێتە بەر. بەڕای من ئەو گریمانەیە ڕاست نییە. هەڵبەتە مەبەستی من ئەوە نییە بڵێم ئەرستۆ شێوازە پێشنیازکراوەکانی، خۆی بۆ پاراستنی قـەوارەی حکومەتی زۆردارانــە، موو بەموو ڕاگەیاندبێو ئەنجامی دابێ، ئەو شێوازانەی کە بەدرێژی باسیکردونو شیکردونەتەوەو خوێندنەوەیان مووی لەشمان ڕاست دەکەنەوە. لەدیدی ئەرستۆدا، ئەگەر ئێوە بتانەوێ بەچاکی توانای بەڕێوەبردنی سیستمێکی زۆردارانەتان هەبێ، پێویستە کە بەدەستی پۆڵایینەوە بەڕێوەی بەرن. هەموو جۆرە چالاکییەکی ئازادانە دەبێ قەدەغە بکرێو خەڵکی دەبێ لەنێو ترسو هەراسو هەژاریدا ژیان بگوزەرێننو بۆ بنیاتنان وجێگیربوون دەبێ ڕێو شوێنو بناغەی گەورەی یادگاریی بەکاربهێندرێن، هەروەها پێویستە خەڵکی ماوە ماوە بەهەڵگیرساندنی جەنگو شەڕوشۆڕ سەرگەرمو خەریک بکرێ، تا هەمیشە گوێقوڵاغ بمێنێتەوەو پێویستی هەبوونی ڕێبەرێکی بەهێزو دەسەڵاتداری لەمێشکدا تۆمار بێت. (ئەو هەڵسەنگاندنەی ئەرستۆ، بەردەوام بابەتیبوونی خۆی لە (فەیلەسوف- فەرمانڕەوا) ی ئەفلاتونەوە، تا سەدام حوسێن پاراستووە).

ئەرستۆ لەساڵەکانی دواتر، گۆڕانی لە فەلسەفەی سیاسی خۆیدا ئەنجامداو زیاتر پەرەی پێداو فراوانیکرد. پێدەچێ ئەو کاتەی کەمامۆستای هەرمیاس بوو، هێشتا پابەندی ڕاوتێڕوانینەکانی ئەفلاتون لەکۆمار بووبێ. ئەگەر ئەو بۆچوونە دروست بێ، لەوانەیە ئەرستۆ چەمکی (فەیلەسوف- فەرمانڕەوا)ی ئەفلاتونی بەشێوەیەکی وردو ژیرانە، هەموارو ڕێکخستبێتەوە. پێویست ناکات کە فەرمانڕەوای زۆردار - خواجەیەکی (وەک هەرمیاس) ببێتە فەیلەسوف، بەڵکو لەجیاتی ئەوەی فەیلەسوف بێ ، هەرئەوەندە پێویستە کەپەیڕەوی لەئامۆژگاریو ڕاوێژی فەیلەسوفێک بکات.

ئەرستۆ لەتەمەنی کەوتنە نێو ساڵیەوە نزیک دەبووەوە، وێڕای ڕواڵەتی پۆشتەو تەڕوتەمیزانەی بەڕادەیەکی بەرچاو، لەو جۆرە مرۆڤانە لەقەڵەم دراوە، کەنەریتو هەڵسوکەوتی مامۆستایانەو وشکو جدیان هەیە. لەو دەمەدا ئەرستۆ

بۆ خافڵگیرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کەئەویان دەناسی، بوو بەعاشق. دڵخوازەکەی کچێکی گەنج بوو بەناوی (پوتیاس). وەک ئەو تێڕوانینە بەناوبانگە ئەو کچە ئەندامێکی بنەماڵەی هەرمیاس بووەو هەندێک پێیانوایە، کەپوتیاس خوشکی هەرمیاس بووەو هەندێکی تر بەکچی خوازراوی هەرمیاسی دەزانن. دەستەیەکی تر لەو سەرچاوانە کەشایانی متمانەن دەڵێن، کە لەبنەڕەتدا دڵخوازی (معشوقە)ی هەرمیاس بووە (کە بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی سێکسی هەرمیاس، بێگومان مەعشوقەیەکی ئەشریفاتی بووە). ئەو قسە دژ بەیەکانە، ئەو ئەگەرە بەهێز دەکەن، کەئەو مەعشوقەیەکی دەرباری بووە. ئایا ئەمە یەکەمین حاڵەتی دڵبەستەیی مامۆستای شەیدای ئەو فریشتەیە بووە؟

ئەوەی کەدەتوانین لەقسەکانی ئەرستۆ هەڵیبهێنجین ئەوەیە، کە پۆتیاس ئەو کاتەی بوەتە هاوسەری، ئەو کچ نەبووە. (کاتێک کەدوو کەس بەڕاستی دەبنە هاوسەری یەکترو پێکەوە زەماوەند دەکەنو خۆیان بەژنو مێرد ناوزەد دەکەن، زۆر کارێکی چەوتە کەمێرد، یان ژن لەگەڵ یەکتردا وەفادار نەمێننەوە). ئەوەی کە ئەو لایەنگری لەپەیوەندی ئازادانەی پێش هاوسەرگیری دەکات، لەمانای دەربڕینەکەدایە. ئەو قسەیە لەبابەتەکانی ئەرستۆ سەبارەت بەزیناکردن بەدی دەکرێتو واپێدەچێ کە لەوجۆرە پرسە کەسیو تایبەتیانەدا ئەرستۆ عادەتی بووبێ، کەئەزموونە تاڕادەیەک سنوردارەکانی خۆی گشتگیربکات. لەبابەتەکانی خۆیدا سەبارەت بەپرۆسەی هاوسەرگیری ئەوە دەڵێ کە گونجاوترین تەمەنی هاوسەرگیری بۆ پیاو سیوحەوتساڵو بۆ کچانیش هەژدە ساڵە، کەئەو دوو تەمەنە هەمان تەمەنی ئەوکاتی هاوسەرگیری ئەرستۆو پۆتیاسە. هەرچەندە رەنگە ئەرستۆ بەهرەی زۆری لەهۆشو زیرەکی هەبووبێ، بەڵام خەیاڵ هەمیشە لەتایبەتمەندیە بەرجەستەکانی کەسایەتی ئەو نەبووە. ئەمەشیان یەکێک لەتەنزەکانی رۆژگارە کە ئەرستۆ دوور لەناسکیو هەستی شاعیرانە لەکتێبی (هونەری شیعر)دا شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنێکی ئەونۆی لەبارەی ئەدەبیاتەوە خستۆتە بەردەست، کەتا ئەوکات هاوتای نەبووە، لەکاتێکدا کە ئەفلاتون، بەپێی پلەبەندی، شاعیرترینی فەیلەسوفان بووە، فەرمانی قەدەغەکردنی چالاکی شاعیران دەدات. (خوا دەزانێ کە ئەفلاتون بەو فەرمانەی هەوڵی شاردنەوەی چ شتێکی

هەبووە). شیعر لای ئەرستۆ بەهاو شکۆیەکی بەرزی هەبوو و لەوباوەڕەدابوو کەبەهای شیعر لەمێژووش زیاترە، چونکە شیعر فەلسەفی ترە. مێژوو تەنها لەگەڵ واقعیی لاوەکی سەروکاری هەیە، لەکاتێکدا شیعر لەپرسی گشتی نزیکترە. لێرەدا واپێدەچێ کەئەرستۆ پێشێلی جیهانبینی خۆی بکاتەوەو لایەنگری لەجیهانبینی ئەفلاتون دەکات، بەڵام ئەو دەربڕینە بەناوبانگەی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی تراژیدیا (ڕووداوگەلێک وێنا دەکات، کەدەبێتە مایەی وروژاندنی هەستی بەزەیی‌و ترس لەئێمەدا، تا بەمشێوەیە ئەوجۆرە سۆزانە چەکەرە بکەن‌و پێبگەن) هەروا لەئاست‌و پایەیەکی بەرچاو وڕوونی گرنگ، سەبارەت بەئەزموونی تەکاندەر، بەڵام پرسهێنەرو دژواری نمایشی تراژیدیا، دەمێنێتەوە. ئەرستۆ خاوەنی کەسێتییەکی بیرقووڵ‌و جیدیی بووە، کاتێک باسی کۆمیدیا هاتە گۆڕێ هیچی لێنەگەیشت. ئەو پێیوابوو کە کۆمیدیا تەقلیدێکی خەڵکی دەستکورتەو تەنزو شتی پێکەنیناوی شتێک نییە، بێجگە لەوێنەیەکی بێ دەردەسەری دزێو. جوانناسی، هەر تەنها دەتوانێ ئەو پشێویەی ڕێکبخاتەوە، کەهونەر هێناویەتیە ئاراو تیۆرسیەکانی کۆمیدیا توشی چەوتکاریەکی گەورە دەبن. ئەرستۆش لەوبازنەیە بەدەرنیە. لەوێڕا کە دەڵێ: «لەیەکەم دەستپێکدا دەبێ بڵێین، کۆمیدیا بە بەشێکی جیدیی لەقەڵەم نادرێ«.

هێشتا وەختێکی زۆر بەسەر زەماوەندەکەیاندا تێنەپەڕیبوو، کەئەرستۆ قوتابخانەیەکی لە(ئاسوس) دامەزراند. سێ ساڵ دواتر چووە (موتلینە) کە دەکەوێتە دوورگەی (لسبوس)و لەوێدا قوتابخانەیەکی تری کردەوە. ئەرستۆ بەر لەوکاتە زۆر سەیر خولیای چینبەندی گیاوگوڵ و گیانداران ببوو. یەکێک لەو ناوچانەی بۆ پەیداکردنی نموونەکانی گیانداران‌و گیاکان زۆر بەدڵی بوو بریتی بوو لەکەنارەکانی کەنداوی (یەرا) کە کەم تازۆر، ناوچەیەکی وشکانیەو هێشتاش ئاوە گەرم وشینباوەکانی داوێنی کێوی ئۆلەمپ، بەهەمان ئەندازەی ڕۆژگاری ئەرستۆ جوان‌و بەسەفان. لەوەرزی بەهاردا داوێن‌و قەدپاڵەکان بەفەرشێکی جوان‌و رازاوەو نەخشێندراو بەگوڵ‌و گوڵاڵەی ڕەنگاوڕەنگ دادەپۆشرێن‌و لەڕۆژگاری ئەرستۆدا، بێگومان گیاندارانی وەکو گورگ‌و بەرازی کێوی‌و گوێ ڕەش‌و تەنانەت ورچیش لەو قەدپاڵانەدا ژیاون‌و هەبوون: یەکەمین بەهەشتی سروشتناسی بۆ یەکەمین سروشتناس. ئەرستۆ لە بەرهەمەکانی خۆیدا، دەربارەی سروشت بەدوای

دۆزینەوەی چینو جۆرەکانی (گیاییو گیانداری)ییەوە بوو، بەڵام پانتایی پڕاوپڕی لێکۆڵینەوەکانی ئەویان لەنێو خۆدا نقووم کرد. لەو توێژینەوانەیدا گەیشتە ئەوەی کە سروشت ئامانجدارەو هەریەک لەتایبەتمەندیە گیانداریەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت فەراهەم کراون. ئەو دەیگووت کە: «سروشت کارێکی بێهوودەو لەهەوانتە ئەنجام نادات». زیاتر لەدوو هەزارەی درێژە کێشا تازانستی ژینگەناسی توانی تەنها یەک هەنگاوی واقعیی بەدوای ئەو تێڕوانینە هەڵبهێنێو ئەو هەنگاوەش تیۆری پێگەیشتنی داروین بوو.

لەو سەردەمەدا ئەرستۆ وەک بیرمەندێکی پێشەنگ لەسەرانسەری یۆناندا ناوبانگی دەکردبوو. (فیلیپی مەقدۆنی) تازە یۆنانی گرتبوو وتوانیبووی دەوڵەت-شارەکانی یۆنان ،کە لەگەڵ یەکتر ناکۆک بوون بۆ یەکەمینجار لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا یەکبخات. فیلیپ داوای لەئەرستۆ کرد، کە پەروەردەو پێگەیاندنی تایبەتی کوڕە نەوجەوانو سەرکێشەکەی ئەو بگرێتە ئەستۆی خۆی، لەبەرئەوەی کەپێشتر باوکی ئەرستۆ دۆستو پزیشکی تایبەتی باوکی فیلیپ بوو، ئەرستۆ بەیەکێ لەئەندامانی بنەماڵەی ئەوان دەژمێردرا. بەم پێیە، ئەرستۆ بەئەرکی سەرشانی خۆی زانی کەپێشنیازی شاهانە قبووڵ بکاتو بەنابەدڵی بەرەو (پێلا)ی پایتەختی مەقدۆنیا کەوتەڕێ.

ئەمڕۆکە پێلا لەکەناری شەقامێکی سەرەکیو پڕ هاتووچۆیە، کە لە(تسالونیکی) بەرەو سنووری رۆژئاوای یۆنان درێژبۆتەوەو لەزەویەکی بەردەڵانو مۆزایکگەلێکی لەچەوولم دروستکراو، نیو جین ستون بترازێ شتێکی تری لێنەماوەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەئێرە یەکەمین پایتەختی یۆنانی کۆنو دواتر دوای ئەوەی کەئەسکەندەری مەزن نەبەردیی خۆی بۆ داگیرکردنی جیهان دەست پێکرد، هەتا دەتوانین بڵێین یەکەمین (ودوایین) پاپتەختی جیهانی ئەوکات بوو، سەیرە کە ئەم ناوچەیە سەرنجڕاکێشو دڵگیر نییە.

لەم شوێنەدا لەساڵی (143)ی پێش زایین، یەکێ لەگەورەترین بیرمەند کەجیهان، تاهەنووکە بەخۆیەوە بینیووە ،پـەروەردەکـردنو راهێنانی یەکێ لەگەورەترین سەرشێتە خۆ بەزلزانەکانی گرتە ئەستۆ ،تا هەنووکە جیهان بەخۆیەوە دیـووە. ئەرستۆ تەمەنی (42) ساڵ بوو وئەەسکەندەر تەنها مێردمنداڵێکی

ئەمەن (13) ساڵ بوو، بەڵام سەرسوڕمانی ناوێ، کەبزانین ئەمە ئەسکەندەر بوو، کەسەرئەنجام بەئاسانی ئەرستۆی ناچار بەتەسلیم بوونکرد. ئەو کوڕێژگە کەللەڕەقە لەماوەی سێ ساڵدا کەقوتابیو هەمنشینی ئەرستۆ بوو، تەنانەت یەک وشەش لەمامۆستا تایبەتیەکەی خۆی فێرنەبوو. بەهەرحاڵ ئەمە ئەو شتەیە کەلە ریوایەتەکاندا هاتووە. ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو، کە یۆنانیەکان لەهەموو نەژادەکانی تر بەرزترن. لەدیدی ئەو، باشترین فەرمانڕەواو رابەر قارەمانێکی هۆمێری وەکو (ئاشیل)ە کە عەقڵو ژیریەکەی، لەدەراوی دوا پێشکەوتنەکانی شارستانیەتی یۆنانی تێراو بووبێت، هەروەها ئەرستۆ لەوباوەڕەدابوو کەلە ویژدانو ناخی مرۆڤدا، توانایەک بۆ جیهان خستنەژێر کۆنترۆڵو رکێفی خۆی هەیە. ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ، کە کەسایەتی ئەسکەندەر لێکچوونێکی سەیری لەگەڵ ئەو تەرحەی ئەرستۆدا هەبوو، تەنانەت ئەگەر بشێ قبووڵی بکەین، کەدواجار ئەسکەندەر بەتەواوی نەبووە ئەو شتەی کەئەرستۆ دەیویست. بەهەرحاڵ ئێمە ئەمڕۆ تەنها دەتوانین بەپێی مەزەندەو گومان سەبارەت بەکاریگەری هزرو زەهنی ئەو دووانە، لەسەر یەکتری رای خۆمان دەربڕین، چونکە بەوپەڕی سەرسامیەوە لەو بارەیەوە شتێکی کەم ئاگادرین.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کەئەرستۆ لەبری ئەو خزمەتەی بەفیلیپی کردبوون، داوایلێکرد کەزێدەکەی، واتە شاری ئەستاگیرا ئاوەدان بکاتەوە، ئەوشارەی کەلەپڕ لەیەکێ لە نەبەردەکانی ئەو دواییەی فیلیپ لەنیمچە دوورگەی (هالکیدیکی) لەگەڵ خاک یەکسان ببوو. بەڵگەش لەبەردەست هەن، کە ئەسکەندەر لە لەشکرکێشە گەورەکانی خۆی بۆ داگیرکردنی جیهان گیاوگوڵی نائاشنای جۆراوجۆرو باخی ئاژەڵانی دەگمەنو ئەوانەی لای ئەوان نین بۆ مامۆستای پیری خۆی بەدیاری رەوانە دەکردنەوە، تا چینبەندییان بکات. زانستی باخداریو پەروەردەکردنی گوڵ ئەوە دەردەخات، کەگوڵی (سەدتومانی) بەهەمان ئەو شێوەیە بۆ یەکەمینجار لەئاسیای ناوەڕاستەوە پێی ناوەتە ئەوروپا. ئەگەر وابێ ئەو دەرئەنجامە دەگرین، کە ئەرستۆ ئەم جۆرەیانی بەهەڵە چینبەندی کردوە: گوڵی (سەدتومانی) لەزمانی یۆنانی کۆندا بەمانای (دەوەنی رەز) ناسراوە.

لەساڵی (336)ی پێش زایین فیلیپی مەقدۆنی کوژراو کوڕە (16) ساڵانەکەی



@kurdica

وانە ئەسکەندەر لەسەرتەختی پاشایەتی دانیشت. ئەسکەندەر دوای ئەوەی کەبەخێرایی هەموو داواکارە پێشبینیکراوەکانی تری پاشایەتی رەوانەی ئەو دنیا کرد، لەچەند هەڵمەتێکی بروسکە ئاسای، دەستپێکیدا دەستی بەسەر مەقدۆنیاو ئەلبانیاو بولگارستانو ئەوبەری رووباری دانووب لەباکوورو یۆنان لەباشوردا گرت. (لەسەر رێگاشیەوە -تێبینی- گۆڕی بۆگردێک لەخاکو خۆڵەمێش). دوای ئەوە نەبەردەکانی خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی هەموو جیهان، کە لەو سەردەمەدا دەناسرا دەستپێکرد. ئەو جیهانە دەکرێ بڵێین بریتی بوو لەسەرزەویەکانی باکووری ئەفریقیاو ئاسیا، تا دەورووبەری، تاشکەندو باکوری هیندستان. خۆشبەختانە لە وانە جوگرافیەکانی ئەرستۆدا، هیچ ناوێک لەچین نەهاتبوو، وڵاتێک کە لەو رۆژگارەدا لەڕۆژئاوا ئاگاداری هەبوونی نەبوون.

لەوکاتەدا ئەرستۆ گەڕابووەوە ئەستاگیرا، بەڵام بەرلەوەی پێلا بەجێبهێڵێ (کالیستنس)ی برازای خۆی ،وەکو زاناو لێکۆڵەری دەربار بەئەسکەندەر ناساندبوو. ئەو سەخاوەتمەندیەی ئەرستۆ لەئایندەدا کەم تازۆر بەگران بۆی شکایەوە. کالیستنس کەمێک دەم لەق بوو، ئەرستۆ بەرلەوەی بەجێبیێڵێ، هۆشداری زۆربڵێیی زیاد لەدەرباری بوویە. کاتێک کە ئەسکەندەر بۆ نەبەردی جیهانگیرانەی خۆی کەوتەڕێ، کالیستنسی وەکو مێژوونووسی فەرمی لەگەڵ خۆ برد، بەڵام لەگیروگازی جەنگ لەگەڵ ئێرانیەکان پێدەچێ، کە کالیستنس بەهۆی زۆر بڵێیی خۆی رووبەڕووی تۆمەتی خیانەت بووەوەو دوابەدوای ئەوە ئەسکەندەر خستنیە نێو قەفەسێک کەبتوانرێ هەڵبگیرێ. کالسنس لەکاتێکدا کە پابەپای سەربازەکان قەفەسەکەی رادەکێشرا، لەبیابانە داغەکانی ئێران لەپەلوپۆ کەوتو هەموو گیانی بووە برینو کرم تێیدا. سەرئەنجام وایلێهات ئەسکەندەر، ئەوەندە لەبینینی ئەو دیمەنە دڵگران بوو، کە لاشەی نێوەگیانی کالیستنسی فرێ دایە بەردەم شێرێک، بەڵام ئەسکەندەر وەکو هەموو خۆبەزلزانە سەرکەوتوەکان، خاوەنی خەسڵەتێکی بەدگومانانە بوو. ئەو ئەرستۆی بەهۆکاری سەرەکی خیانەتی کالیستنس تاوانبارکرد. دەوترێ کەزۆری نەمابوو ئەسکەندەر حوکمی مەرگی ئەرستۆ دەربکات، بەڵام لە کۆتاییدا لەجیاتی ئەوە بۆ گرتنی هیندستان کەوتەڕی.

ئەرستۆ دوای ئەوەی کەپێنج ساڵ لەئەستاگیرادا مایەوە، گەڕایەوە ئەسینا.

لەساڵی (335)ی پێش زایین (ئەسپۆسیپۆس) کۆچیدواییکردو پۆستی سەرۆکایەتی ئەکادیمیا جارێکی تر خاڵی بووەوە. کورسی سەرۆکایەتی ئەمجارە بەر (کسنوکراتس) ی دۆستی دێرینی ئەرستۆ کەوت، کە وەک چاوەڕوان دەکرا، کەسێکی وشکو جیدیی بوو وکەسێتیەکی شکۆدارو سەنگینانەی هەبوو، هەرچەند کەجارێک «بەهۆی تواناو لێوەشاوەیی لەمەیخواردنەوە لەجەژنی سبودا، تاجێکی زێڕینی پێبەخشرابوو. کسنۆکراتس بیست ساڵ دواتر لەپۆستی سەرۆکایەتیدا شەوێک نسکۆیەکی بردو کەوتە نێو چاڵێکی پڕ ئاووخنکا».

ئەرستۆ لەوەی کە ئەمجارەش سەرۆکایەتی ئەکادیمیای پێنەسپێردرا، بەڕادەیەک دڵگران بوو، کە بڕیاری دا خوێندنگەیەکی تر بۆ خۆی بە رکابەری ئەکادیمیا بنیات بنێ. ئەرستۆ خوێندنگەکەی خۆی لە وەرزشگایەک لەودیو دیوارەکانی شار لەدامێنی کێوی (لیکابتوس) دامەزراند. ئەو وەرزشگایە لەتەنیشت پەرستگای - ئاپۆلۆ لوسیوس- (ئاپۆلۆ لەڕوخساری گورگ)دا بوو، بۆیە خوێندنگەکەی ئەرستۆ بە (لیسیۆم، یان بوکیون) ناوبانگی دەرکرد. ئەم ناوە تائەمڕۆکەش هەر زیندووەو بەشایستەترین شێوە لەزمانی فەڕەنسیدا بەدەستەواژەی (lycee) واتە (پەیمانگا) درێژە بەژیانی خۆی دەدا، بەڵام بەوردی دیارنییە، کە بۆچی ناوی خوێندنگەی پلە یەکەمی ئەرستۆ دەبێ لەناوی هۆڵەکانی سەما، یان تەماشاخانەکانیشدا زیندوو رابگیرێ. گومانی تێدانییە کە لەخوێندنگەی ئەرستۆدا لەو سەردەمەدا زۆر رشتەی جیاجیا خوێندراون، بەڵام سەمای دووکەسی کلاسیکو وەرزشیانە، لەسەدەی بیستەمو لەباکوری ناوەندی ئەمریکا بووە، شێوازێکی پوختەی ئەکادیمیانە.

لێکچوونی خوێندنگەی ئەرستۆ بەزانکۆی ئەم سەردەمە، زۆر زیاتربوو لەچاو ئەکادیمیای ئەفلاتون. خوێندکاران هەر دە رۆژ جارێک لەنێو خۆیاندا رێبەرێکی نوێیان بۆ ئەنجومەنی خوێندکاری هەڵدەبژارد، کۆلێژە جیاجیاکان بۆ راکێشانی خوێندکاران پێشبڕکێو رکابەریان، لەگەڵ یەکتردا دەکرد، تەنانەت هەندێ جار هەوڵی وا دەدران، کە بۆ کلاسەکان بەرنامەی زەمانبەندی دابڕێژرێ. لیسیۆم توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەبواری زانستە جیاجیاکان ئەنجام دەداو دەیگرتە ئەستۆ، ئینجا ئەنجامەکانی دەخستە بەردەستی خوێندکاران. ئەکادیمیای ئەفلاتون زیاتر پێیخۆشبوو کەخوێندکارەکانی لەبواری زانستی سیاسەتو یاساکان

بەباشی پەروەردە بکات و رابێنێ، تاکو بتوانن ببنە فەرمانڕەوایانی ئاییندەی دەوڵەت- شارەکان. لیسیۆم (ئێم. ئای. تی = کورتکراوەی ئینستیتیۆی تەکنەلۆژی ماساچوست) یان تەنانەت دامەزراوەی پێشکەوتووی (institute of advanced studies)ی ئەم سەردەمە بوو، بەڵام ئەکادیمیا زیاتر لەزانکۆی سۆربۆن، یان ئۆکسفۆردی سەدەی نۆزدەهەم دەچێ.

جیاوازیەکانی نێوان لیسیۆم لەگەڵ ئەکادیمیا، بەتەواوی دەرخـەری جیاوازیەکانی نێوان فەلسەفەی ئەرستۆو ئەفلاتون بوو، لەکاتێکدا کە ئەفلاتون کتێبی (کۆمار)ی دەنوسیەوە، ئەرستۆ ئەوەی بەباشتر دەزانی کە نوسخەی یاسا بنەڕەتیەکانی دەوڵەت- شارەکانی یۆنان کۆبکاتەوەو باشترینی بابەتەکان گوڵبژێر بکات. لیسیۆم خوێندنگەیەک بوو، کە ئەوکاتەی دەوڵەت- شارەکان دەیانویست یاسایەکی نوسراوی تازەیان لەبەردەستدابێ، رووویاندەکردە ئەوێ. کەسێک لەهەوڵی بەرپاکردنی کۆمارەکەی (ئەفلاتون)دا نەبوو. بەداخەوە توێژینەوەی هەمەلایەنەی ئەرستۆ لەبواری سیاسەتدا، بەرلەوە بەکردەوە شتێکی بێهوودە دەرچووبوو وهۆکارو دروستکەری ئەو بارەش کەسێک نەبوو، جگە لەخراپترین قوتابیەکانی ئەو، واتە ئەسکەندەر. رووخساری جیهان خەریک بوو بۆ هەمیشە بگۆڕێ. ئیمپراتۆریەتی نوێی ئەسکەندەر ئامادەکاریەکانی کۆتایهێنان بە تەمەنی دەوڵەت- شارەکانی فەراهەمدەکرد، وەک چۆن ئەمڕۆکەش دەبینین یەکێتیە کیشوەریەکانی (وەکو یەکێتی ئەوروپا) بۆی هەیە زەنگی مەرگی دەوڵەتە سەربەخۆ نەتەوییەکانی لێبدا، نەک تەنها ئەرستۆ، بەڵکو هیچ کام لە رۆشنبیرانو ئەندێشمەندە بێ ژمارەکانی کە لەخوێندنگەکانی ئەسینا لەتەک یەکتری کۆببوونەوە، گرنگیو سەرنجیان بەو گۆڕانە مێژوویە مەزنە دەکرد، غەفڵەتی ئەوان هاوسەنگی غەفڵەتی رۆشنبیرانی سەدەی نۆزدە لەمارکسەوە بگرە، تا نیچە بوو کەنەیانتوانی باڵادەستی دیاردەیەک بەناوی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێشبینی بکەن.

ئەرستۆ عادەتی وابـوو، کە دەرسو وتارەکانی لە لیسیۆم لەکاتی هاتووچوون لەگەڵ خوێندکارەکانیدا بڵێتەوە، بۆیە پەیڕەوکارانی قوتابخانەی ئەو بەهاتووچۆکەر (مەشایی = peripatetic) ناویان دەرکرد (واتە کەسانێک کەپیاسە دەکەن یان هاتووچۆ دەکـەن)، بەڵام هەندێکی تر لەو بـاوەڕەدان کە ئەوان

لەبەرئەوە بەو ناوە ناوبانگیان دەرکرد، کە مامۆستاکەیان لەنێو چوار دیواران، یان ڕاڕەوی سەرداپۆشراوو وەرزشگاکان دەرسی دەووتەوە (کە ناویانان پێری پاتۆس = peripatos).

بنیاتنانی زانستی لۆژیک بۆ ئەرستۆ دەگێڕنەوە. (دوو هەزار ساڵی زیاتر درێژە کێشا، تا لۆژیکزانێکی تری هاوتای ئەرستۆ خۆی دەرخست)،هەروەها ئەو میتافیزیکیناسێکی کەم تازۆر هاوتای ئەفلاتون بوو ولە زەمینەی زانستی ئەخلاق و ئەپستمۆلۆژیادا بەپێش مامۆستاکەی کەوتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو دەستکەوتە پڕ باهایانە، ئەفلاتون، وەکو بیرمەندێکی نوێکارو داهێنەر کەمێک لەو بەرزترە، ئەگەرچی رەنگە ئەرستۆ وەڵامەکانی دۆزیبێتەوە، بەڵام ئەوە ئەفلاتون بوو کەئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی دۆزینەوەو خستنیەڕوو کەپێویستە لەدەستپێکدا بخرێنەڕوو.

بەرجەستەترین دەستکەوتی ئەرستۆ لەبواری لۆژیکەوە بوو. ئەو لەڕاستیدا بەدامەزرێنەری ئەم رشتەیەی مەعریفە دەژمێردرێ. ئەرستۆ لۆژیکی بەپایەو بنەمایەک دەزانـی کەهەموو جۆرە مەعریفەیەکی لەسەر رۆنـراوە. ئەفلاتون پێشتر دەرکی بەو پرسە کردبوو، کە وەدەستهێنانی مەعریفە لەڕێی دیالەکتیکەوە (واتە وتووێژێک بەشێوازی پرسیارو بەرسڤدانەوە) مەیسەرە، بەڵام ئەرستۆ بوو کە بەدۆزینەوەی پێوانەی شێوەیی (syllogism) ئەو شێوازەی بەرجەستەکردو پەرەی پێدا. بەبڕوای ئەرستۆ پێوانەی شێوەیی بریتیە لەوەی کە (کاتێ شتگەلێکی دیاریکراو دەخرێنەڕوو، دەشێ ئەوە نیشان بدرێ، کەشتێکی تر جگە لەوانەی کە خراونەتە ڕوو، لەئەنجامی ئەوانە دەربکەوێ). بۆ نموونە ئەگەر دوو دەستەواژەی خوارەوە بخەینەڕوو:

«هەموو مرۆڤەکان لەنێو دەچن
هەموو یۆنانیەکان مرۆڤن»

دەتوانین ئەو ئەنجامە بگرین کە:
هەموو یۆنانیەکان لەنێودەچن

ئەم بەرئەنجامە لەڕووی لۆژیکەوە شتێکی پێویستو لەنکۆڵی نەهاتووە. ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان هەموو جۆرە جیاجیاکانی پێوانە شێوەیەکان دادەنا، لەنێویاندا (ئەحکامە سلبییەکان) یان ئەو ئەحکامانەی کەپانتایی هەمەگیربونیان سنووردارە، بەڵام وێڕای ئەمانەش پێکهاتەی بنچینەیی هەموویان یەکسانە. پێشەکی گەورە بەدوای پێشەکی بچووکدا دێت، ئینجا ئەنجامەکەی وەدەست دێ بەم شێوەیە:

هیچ فەیلەسوفێک نەفام نییە

هەندێ لەمرۆڤەکان فەیلەسوفن

بەمپێیە هەندێ لەمرۆڤەکان نەفام نین

ڕەنگە ئەوجۆرە بەڵگەکارییە بۆ شێوەی بیرکردنەوەی ئەمڕۆی ئێمە وەک شێوەیەکی بێهودەیی دەستو پێگیر ،بکەوێتە بەرچاوو بۆی هەبێ کەهەموو جۆرە ئەندێشەیەکی شێواو وناجێگیری لێبکەوێتەوە، بەڵام لەڕۆژگاری خۆیدا ئەو شێوە بەڵگەکاریە، بازدانێکی بێ ئەملاو ئەولای لەبیرکردنەوەی مرۆڤدا هێنایە ئارا. بازدانێکی ئەوەندە گرنگە کە چ پێشترو چ دواتر، لەوە هیچ پێشکەوتنێکی تر بەپێشی نەکەوتووەتەوە. ئەم قسەیە بەو مانایە نییە کەئەو شێوەیە بێ هەڵەو کەمو کورتی بێت. بۆ نموونە سەرنج لەو پێوانە شێوەییەی خوارەوە بدە:

هەموو ئەسپەکان ئاژەڵن

هەموو ئەسپەکان سمیان هەیە

بەمپێیە هەندێ لەئاژەڵەکان سمیان هەیە.

ئەم بەڵگەکارییە تەنها بەو مەرجە بەهادارە، کە شتێک بەناوی ئەسپ بوونی هەبێ. بەهەمان شێوە پێوانەی شێوەیی خوارەوە، کە هەمان پێکهاتەی هەیە:

هەموو ئەسپە تاک شاخەکان«1» ئەسپن

هەموو ئەسپە تاک شاخەکان شاخیان هەیە

بەمپێیە هەندێ لەئەسپەکان شاخیان هەیە.

«1»گیاندارێکی ئەفسانەییە لەشێوەی ئەسپ کەشاخێکی لەناوەڕاستی نێوچاواندا هەیە. (و.ف)



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئەرستۆ لۆژیکەکەی خۆی ناونا (ئانالوتیکا) کەبەمانای (شرۆڤە)یە. هەر جۆرە زانستێک وهەر لقێک لەمەعریفە دەبوا لەکۆمەڵێک لەبنەما سەرەتاییەکان ،یان (بەدیهیاتْ = axioms)ەوە دەستْ پێبکاتْ و سەرچاوە بگرێ. دەتوانین راستیو دروستی ئەو زانستە لەو بنەما سەرەتاییانە، یان لەو بنەما بەدیهیانە بەسود وەرگرتن لەلۆژیک هەڵبهێنجین (یان شرۆڤە) بکەین. ئەو بنەما سەرەتایی، یان بەدیهیانە پانتایی چالاکیو کاربردی بابەتەکە دیاری دەکەنو لەتوخمە بێهوودە، یان نەشیاوەکانی جیادەکەنەوە. بۆ نموونە ژینگەناسیو هونەری شاعیری لەدەستپێکو پێشەکیەک دەستپێدەکەن، کەجیاوازن لەیەکتر. بەمپێیە گیاندارانی ئەفسانەیی بابەتی ژینگەناسی نینو پێویستْ ناکاتْ ئەو زانستە بەشێوەیەکی ئۆرگانیک دابڕێژرێ. ئەو تێڕوانینە لۆژیکیە سەرجەم بوارەکانی مەعریفەی ئازادکردو ئەو توانایەی پێبەخشین،کەهەموو کۆمەڵە تازەکانی راستی بدۆزێنەوە. لەمیانی دوو هەزار ساڵی دواتر، هەمان ئەو پێناسانە خۆیان گۆڕان بۆ چەمکی داخراو وسنوربەند ئامێزو رێگای بەردەم پێشکەوتنی مەعریفەی مرۆڤیان گرتْ.

لەماوەی تێپەڕبوونی سەدەگەلێکی زۆر، فەلسەفە هەمان بیرکردنەوەو تێڕوانینی ئەرستۆ بوو ولە سەدەکانی ناڤین ئەندێشەی ئەرستۆ بەسروشتی دابەزێندراو (وحی منزل) درایە قەڵەمو رێگای بەردەم پێشکەوتنو پەرەسەندنی رۆژ دوای رۆژی (بوارەکانی مەعریفە)ی بەستْ. رەنگە بیرکردنەوەی ئەرستۆ تەلاری هزری جیهانی سەدەکانی ناڤینی بنیاتْ نابێ، بەڵام گوناهەکە لە ئەرستۆوە نەبوو، کە ئەو تەلارە سەرەنجام بگۆڕێو ببێتە زیندانێک. ئەرستۆ ئەگەر بمابایە هەرگیز رێگای بەمە نەدەدا. لەگۆشەو کەناری نوسینەکانی ئەرستۆدا ناسازگاریو دووفاقیەتگەلێک بەرچاو دەکەون کەنیشانەی زەهنێکی هەردەم بەدواداگەڕان وچالاکە. ئەو شرۆڤەو توێژینەوەی لەچۆنێتی کاروبارو رەوتی راستەقینەی جیهانی بوون، لەتێڕوانینو رادەربڕینی پەتی لەبارەی ماهیەتْو سروشتی ئەو جیهانە بەباشتر دەزانی. تەنانەتْ هەڵەکانی ئەرستۆ زیاتر مۆرکێکی شاعیرانەیان هەیەو نیشاندەری تێڕوانینێکی شاعیرانەن. بۆ نموونە لەوەی کەدەڵێ (توورەیی، جۆشهاتنی خوێنە لەدەورووبەری دڵدا) یان (رەنگی چاو ئاسمان شین دەکاتْ). ئەو بە پەیڕەویکردن لەنەریتی پەسەندکراوی یۆنانیەکان، پەروەردەو فێرکردنی بەڕێگای پێشکەوتنی

مرۆڤەکان دەزانیو لەو باوەڕەدابوو کەجیاوازی کەسێکی خوێندەوارو هۆشیار، لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوارو ناهۆشیار (بەئەندازەی جیاوازی نێوان زیندوو مردووە)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنو دەرکی ئەو لەپێگەو پایەی پەروەردەو فێرکردن تێگەیشتنێکی گەشبینانەی رووکەش نەبوو (پەروەردەو فێرکردن وەکو رازاندنەوەو زەینەتێکە لەسەردەمی رەونەقو بەختەوەریو وەکو پەناگەیەکی ئاسایشە لەسەردەمی تاریکی وبەدبەختیدا). رەنگە کاری ئەرستۆ هەندێجار شکۆ نواندنی بەدواوە بووبێ، بەڵام ئەو ئاماژەگەلێکی هەن، کە نیشاندەری ئەوەن بەش بەحاڵی خۆی تامی رەنجو ناخۆشی چەشتوە. ئەرستۆ بە تەمەنی خۆی وەکو مامۆستا مایەوەو هیچ کاتێک لەهەوڵی وەدەستهێنانی پۆستو پلەیەکی دەوڵەتیدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەس، تا ئێستا لەسەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا، کاریگەریەکی وا رەگداکوتاوی بەسەر جیهانەوە جێنەهێشتوە.

ئێمە لەو رووەوە خۆشحاڵین، چونکە پێدەچێ، کە ئەرستۆ پیاوێکی چاک بووە. ئەو ئامانجی مرۆڤی لەداخوازی خۆشبەختیو بەختەوەریدا دەبینی، کە لەدیدی ئەودا ئەمە بەواتای بەکردەوە کردنی باشترینی ئەو شتەیە، کەئامادەیی ئەنجامدانیمان هەیە، بەڵام داخۆ ئەو شتەچی بێت کە ئامادەییمان بۆی هەیە؟ لەدیدگای ئەرستۆدا، عەقڵ بەرزترین هێزی مرۆڤە. کەواتە (باشترین وخۆشبەخترین مرۆڤ ئەو کەسەیە کە تا ئەو شوێنەی لەتوانایدا هەیە کاتەکانی خۆی لەپوختەترین چالاکی عەقڵدا خەرجدەکات، کەبریتیە لەووردبوونەوەو رادەربڕین). ئەم رایە تاڕادەیەکی یەکجار زۆر دیدگایەکی مامۆستایانەو بێگەردانەیە لەبارەی چەمکی خۆشبەختی. چێژخوازی سەرلەبەر چوارچێوەو قاڵبی کاری هزریو تیۆریدا. لەو جیهانە راستەقینەیەی کەئێمە تیایدا دەژین، کەمتر کەسێک ئەو تێڕوانینە پشتڕاست دەکاتەوە. (ئەوانەی کە لەو بابەتەدا لەگەڵ ئەرستۆدا هاوڕان پێناچێ لەکەسێکی بی فەرهەنگو بێ هزر کە بەخۆشحاڵیەوە دەبێتە، خاوەنی ئەو پارەو داهاتەی، کە لەپێشبڕکێی تاقیکردنەوەی بەختدا پێیبڕاوە خۆشترو بەختەوەرتربن).

رەخنەگەلێکی هاوشێوەش لەتێڕوانینی ئەرستۆ لەبارەی ئەوەی کە ئێمە دەبێ هەوڵبدەین ،ئەوەی لەئێمەدا باشترینە پراکتیزە بکەین گیراوە. دەتوانین ئەوە وەک بەڵگەیەک بێنینەوە کەقوتابییە بەناوبانگەکەی ئەو، واتە ئەسکەندەر

هەوڵی دەدا باشترین ئەو شتەی کەئامادەیی ئەنجامدانی هەبوو پراکتیزە بکاو لەو ڕێگایەشدا بووە مایەی ئازارو مەرگ وکارەسات دژی هەزاران هەزار مرۆڤی بێتاوان، بەڵام دەشێ بەمشێوەیەی خوارەوەش بەڵگەکاری بکەین، کە ئەرستۆ بەدەستەواژەی بەناوبانگی خۆی کەناوی نا (ڕادەی میانڕەوی) لەهەوڵی ئەوەدابوو کە رێ لەوجۆرە زیادەڕۆییە ئەخلاقیانە بگرێت.

بەپێی ئەو دەستەواژەیە، هەر شکۆمەندێک ڕادەی نێوەندی دوو ڕادەی زیادەڕۆیی بەهەدەردانە. ئەو رایە بە بیرهێنەرەوەی چەمکی یۆنانی (میانڕۆیی)یە کە ئەرستۆ لەنوسینەکانی (هۆمێر)یشدا، کەنزیکەی پێنجسەد ساڵ بەرلە ئەرستۆ ژیاوەو ڕووداوەکانی هەزار ساڵ بەر لەهاتنە دنیای ئەرستۆ باسکردون، بەدی دەکرێن. یۆنانیە سەرەتاییەکان (لەڕاستیدا یۆنانیەکانی سەردەمی دواتری قۆناغی کۆن) پێویستیەکی فراوانیان بەچەمکی میانڕۆیی هەبوو. وشەی (زیادەڕۆیی مەکە) هەرزوو وەکو بنەمایەکی سەرەکی ئەوان بۆ ڕێنوێنی ئەخلاقی هەڵبژاردرا. وزەی یۆنانیەکان ئەوەندە تژی بوو، کە هەرکاتێک لەڕێڕەوی هەوڵدانی داهێنەرانە بەکارنەهێنرابانایە، زۆرجار بەڕێڕەوی زیادەڕۆییدا دەڕۆیشت. رەفتاری بێ بەندوبارو تێکەڵ لەگەڵ خۆشگوزەرانی وعەیاشیی (دیونوسیۆس) پەرستەکان لایەنە تاریکەکانی کەسێتیو ئاینیەکانی کە لەتراژیدیای یۆنانیدا درێژەی کێشا ترسو هەراسو بیروباوەڕە خورافیەکانی ژیانی رۆژانە- ئەمانە گشتیان سیما تاریکەکانی سەرەتاکانی چاخی کلاسیک بوون، بۆئەوەی کە فەلسەفە، بیرکاریو شکۆی هونەری بتوانن لەدەروونی ئەو بێ سەروبەریو ناهەمواریەدا، خۆیان دەرخەنو سەربەرزبکەنەوە، لەبەرچاوگرتنی ئەوپەڕی میانەڕۆیی پێویست بوو.

تەنانەت (فیساگۆرس)یش هەوڵیدا چەمکی میانڕۆیی لەگەڵ بیرکاریدا گرێبدا تاکو بتوانرێ شکۆو چاکەی نێوان دوو ڕادەی زیادەڕۆییو بەهەدەردان (بە وردبینی بیرکارییانە) ژمێریاری بکرێ. هەرشتێک کە لەتەرازووی ئەندازەگیریدا جێی نەدەگرت، یان هەر قابیلی ئەندازەگیری نەبوو (وەکو چەمکی بی سنور) ی خراپە دەژمێردرا. وردبینی بۆ خۆی شکۆیەک بوو. (سیمایەکی بەهێز لەو لێکدانەوەیە تا ئەمڕۆکەش لەئەخلاقیاتی رۆژئاوادا مایەی بەدیکردنە).

ئەفلاتون کە ئەڤینداری بیرکاریو بیرکردنەوەی ئەبستراکت بوو، لەگەڵ

زۆر لەو بیروباوەڕانە هاوڕا بوو. بەپێچەوانەی ئەو، ئەرستۆ ئاڵای بەرهەڵستکاری لەبەرامبەر تێڕوانینی بیرکاریانە بە پرسە ئەخلاقیەکان بەرز کردەوە. (ئەو دەیوت) ناکرێ ئێمە بتوانین چاکە (بە وردبینی بیرکاریانە) ژمێرکاری بکەین. چاکە بەو شێوەیە نییە، کە بەسەرنجو تێبینیە ئەبستراکتەکان بەتەنێ دیاری بکرێت، بەڵکو زیاتر شتێکە لەشێوەی هەماهەنگی کە لە بەرهەمێکی هونەریدا بەرچاو دەکەوێ.

(دروستە کە) چاکەو شکۆی ئەخلاقی رادەی نێوەڕاستی زیادەڕۆیی‌و بەهەدەردانە، بەڵام ئەم نێوەڕاستبوونە زیاتر پەیوەستە بەسروشتی تاکو ئەو هەلومەرجەی کە ئەوی تیایە. کوشتنی مرۆڤێک لەمەیدانی جەنگ جیاوازە لەگەڵ کوشتنی مرۆڤێک لەنێو شەقامداو تەنانەت لێرەشدا جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئەو کەسە لەسەر شەقام بەمەبەستی دزی بکوژی، یان لەبەرئەوەی کە ئەو زۆر خراپەی بەرامبەر کردویت. وێڕای دیدگای ئەرستۆ لەبارەی هەماهەنگی توخمێکی پێویست لەڕێژەییدا بوون هاتە ئاراوە، کەئەویش خۆی دەرخەری (ئایدیای) میانڕەوی بوو.

گرفتەکە ئەوکاتەی دروست دەبێ، کەبمانەوێ ئەو ئەخلاقیاتە بەشێوەیەکی هەمەلایەنەو وردەکارانە دابڕێژرێن‌و رێکو پێکی بکەین، ئەگەر بەوجۆرەی کەتیۆری رادەی میانڕۆیی بانگەشەی دەکـات، هەر چاکەو شکۆیەک رادەی نێوەڕاستی دوو رادەی زیادەڕۆیی‌و بەهەدەردانە، ئەو زیادەڕۆیی‌و بەهەدەردانە، بەڕاستی‌و تەواو چین؟ ئەگەر ئێمە شۆڕو شەوقو گەرم‌و گوڕی سروشتی یۆنانیە دێرینەکانمان نەبێ‌و پەیوەندێکی نزیک لەنێوان ئێمەو ئەو دوو رادە ترسناکەی زیادەڕۆیی‌و بەهەدەردانە بەرقەرار نەبێ، ئەو دەمە ئەو دەستەواژەیە، تەنها هەروەکو وشەیەک دەمێنێتەوە، ئەوەی کە ئێمە راستگۆیی بەشتێک بزانین، کەڕادەی نێوەڕاستی درۆکردن لەلایەکو چاکسازی درۆ لەلایەکی ترە، رەنگە ئەمە قسەیەکی زیرەکانەو تەواو بێت، بەڵام لەڕوانگەی ئەخلاقیەوە پووچو بێ ناوەڕۆکە. (هەڵبەتە ئەو پێناسەیەی کەلێرە بۆ راستگۆییم هێنایەوە، هی ئەرستۆ نییە، بەڵام ئەو بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزو کەلەبەرەی کە لەبەڵگەکاریەکەدا هەیە، دەبوا ئەو جۆرە پرسانە چارەسەربکات).

لـەدوا ساڵەکانی ژیانی ئەرستۆدا، ژیانی هاوسەرێتی بەلای ئەرستۆ

خۆش بووە، چونکە دوای مەرگی هاوسەرەکەی ئەمجارە لەگەڵ (هێرپولیس)ی خزمەتکاریدا زەماوەندی کرد. لەو زەمازەندکردنەیدا لەگەڵ هێرپولیس ئەرستۆ بووە باوکی یەکەمین منداڵی کوڕی کەناوی نا (نیکوماخۆس). لەساڵی (323)ی پێش زایین هەواڵ گەیشت کە ئەسکەندەر لە میواندارییەکدا لە (بابل) بەدوای زیادەڕۆیی لە مەی خواردنەوە لەگەڵ فەرمانەکانیدا مردووە. خەڵکی ئەسینا لەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی مەقدۆنیە بێ فەرهەنگەکاندا بوون، لەدێر زەمانەوە نیگەران بوونو دوای مردنی ئەسکەندەر هەستو نەستەکانی خۆیان ئاشکرا کرد. ئەرستۆ کە لەمەقدۆنیا لەدایکببوو و هەمووان دەیانزانی، کە سەرپەرشتیاری پەروەردەو فێرکردنی بەتواناترین کوڕی ئەو هەرێمە (واتە ئەسکەندەر) بووە، بووە قوربانی ئەو شەپۆلەی هەستی دژە مەقدۆنیە.ئەویان بەتۆمەتی دروستکراوی بێ دینی راکێشایە دادگا. تۆمەتبارکەری ئەرستۆ کەناوی (ئیۆرۆمدۆن)بوو وکاهنی نهێنیزان بوو، ئەو (مەدیحە)یەی کە ئەرستۆ (20) ساڵی پێشتر بەبۆنەی مەرگی (هێرمیاس)ی خواجە کە وەلی نیعمەتی خۆی بوو، نوسیبووی، وەکو بەڵگەنامەی تاوانبارکردن گرتیەدەست. ئەو مەدیحەیە (پەسننامە) لەخۆگری ئەم کۆپلانەی خوارەوە بوو:

((کوڕانی خواکان بۆ گەیشتن بەتۆ تێدەکۆشان
قارەمانان بۆ زەوی گەڕانەوە))

هەموویان بۆ عەشقێک کە بۆ تۆیان هەیەو بۆ بینینی رووی تۆ)). ئەم پەسننامەیە ئاسان نییە بەکوفرو بێ دینی بدرێتە قەڵەم، بەڵام خەڵکی خوازیاری قوربانی بوون، ئەگەر ئەرستۆ چووبایە ژێر باری دادگاییکردن، حوکمی مەرگی مسۆگەر بوو، بەڵام هەویری ئەرستۆ لەبابەتی هەویری سوقرات نەبوو، ئەو هیچ حەزێکی لەشەهیدبوون نەبوو، (بۆیە) رێگایەکی عاقڵانەی گرتە، بەرو لەشار رایکرد، تا رێ لەئەسینایەکان بگرێ (لەوەی کەدووجار دژی فەلسەفە توشی گوناهکاری ببنەوە).

وازهێنان لەئەسینا بۆ ئەرستۆ ئاسان نەبوو. ئەو بڕیارە بەواتای جێهێشتنی خوێندنگە خۆشەویستەکەی بوو. فەیلەسووفی بەساڵاچووی ئێمە، کەئیدی لەکتێبخانەو دەستگەیشتن بە ئەرشیفی توێژینەوەکانی بێبەش ببوو، لەکونجی



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

موڵکێک لە (خالکیس) کەمیراتی باوکی بوو، گۆشەگیری هەڵبژارد. ئەو شارە لە (30) میلی باکوری ئەسینا لەدوورگەی درێژی ئوبوئیاو لەو شوێنەی کەدوورگەکە، بەهۆی کەنالێکی باریکەوە لە وشکانی جیابۆتەوە هەڵکەوتوە. دیاردەیەکی سەیرو نادیار لەئاوەکانی ئەم کەناڵەدا هەیە، ئەگەرچی لەهەڵکشانو داکشانی دەریای ئیجەدا، دەتوانین بڵێین ئاسەوارێک نییە، کەچی جەرەیانێکی خێراو توندی ئاو لەو کەناڵەدا روودەدا. رووی ئەو جەرەیانە بێ ئەوەی ئێمە روونکردنەوەیەکمان لەبارەیەوە هەبێ لەماوەی یەک رۆژدا (12)جار دەگۆڕی. بەگوێرەی ئەفسانەیەکی پایەداری ناوچەیی ئەرستۆ، رۆژانێکی زۆر، بەمەبەستی دۆزینەوەی دەرکەوتنێک بۆ ئەو دیاردەیە فشاری مێشکی خۆیداو بۆ یەکەمینجار لەژیانیدا هەستیکرد، کە شکستی هێناوەو لەهەمان جێگا خۆی فڕێدایە نێو ئاوەکەو تیایدا خنکا.

لەهەندێ سەرچاوەی باوەڕپێکراوی تری مێژووییدا هاتووە ،کە ئەرستۆ لەساڵی (322)ی پێش زایین، واتە ساڵێک دوای چوونی بۆ خالکیس لەتەمەنی (63) ساڵیدا کۆچی دواییکرد. دەوترێ کە بەهۆی نەخۆشی گەدەوە مردوە، بەڵام یەکێک لەسەرچاوەکان دەڵێ کە ئەرستۆ بەخواردنەوەی (ئەکونتیون) کە گیراوەیەکی ژەهری دروستکراو لەگیایەکی بەهەمان ناوەوەیە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. لەو رۆژگارەدا ئەو گیراوەیە هەندێ جار وەکو دەرمان بەکاردەهێنراو لەسەر ئەو بنەمایە من وای بۆ دەچم، کە رەنگبێ بەڕێکەوت ئەرستۆ بڕێکی زیاد لەڕادەی پێویستی لەو گیراوەیە خواردبێتەوە، یان خۆی ئامادەکاری مەرگێکی ئاسوودەیی فەراهەم کردووەو نەیویستووە راستەوخۆ دەست بداتە خۆکوژی، بەڵام ئەمەش رێی تێدەچێ کە خەفەتو دڵشکاوی بەهۆی لەدەستدانی لیسیۆم، ئەوی بەو ئەنجامە گەیاندبێ، کەئیدی هیچ بەهایەکی بۆ مانەوە لەژیاندا نەبینیووە.

وەسیەتنامەی ئەرستۆ بەم دێڕە نەمرانە دەست پێدەکات: (هەموو شتێک بەچاکی دەڕواتە پێشەوە، بەڵام لەکاتێکدا ئەگەر رووداوێک روویدا ...) و لەدرێژەی وەسیەتنامەکەیدا سەرباسە گشتیەکانی بڕیارەکانی خۆی دەربارەی چۆنێتی سەرپەرشتی منداڵەکانیو هەروەها ئازادکردنی کۆیلەکانی دەنوسێ، ئینجا وەسیەتگرەکەی خۆی رادەسپێرێ، کە ئەگەر هێرپولیس مەیلی لە شوکردنەوە بوو (پێویستە لەگەڵ کەسێکدا زەماوەند بکات کە شایستەبێ). نوسەر بەو

بەڵگەنامەیە پیاوێکی بەگشتی وشکو سروشت چاکە، پیاوێک کە پێگەیشتنی تەواو عەیاری بەئاشکرا، کەسێتیەکەی نەگۆڕیوەو لەڕێی لانەداوە. ئەرستۆ لەکۆتایی وەسیەتنامەکەیدا داوا دەکات، کە پشکێک لەمیراتە نەقدیەکەی لەدروستکردنو بەرپاکردنی پەیکەرەکانی زئیوسو ئاتێنا لەئەندازەی ئاساییدا لەئەستاگیرا سەرفبکرێ. چەند ساڵ پێش ئێستا لەیۆنان لەو دوانیوەڕۆ ناهەموارەدا، سەرئەنجام کاتێ کەئیدی باو وبارانەکە هێور ببووەوە، گەیشتمە ئەستاگیرای دێرین، بەڵام لەوێ لەنێو زنارە پەرشو بڵاوو بەئاوی باران شۆراوەکانو تەپۆڵکە چۆڵو هۆڵەکاندا دەڕۆیشتم کەوتمە بیری تێڕوانینی ئەرستۆ، سەبارەت بەماهیەتی کۆمیدیا. ئەو دەیووت کە شتە پێکەنیناوییەکان شێوەیەکی بێ دەردەسەرین لەدزێوی. من کەهەموو گیانم لەسەرمان گۆد ببوو و ئەو دیمەنەی رووبەڕووشم هیچ جوانییەکی تیانەبوو تێبینی ئەو بابەتەمکرد کە بیرکردنەوەی ئەرستۆ، لانی کەم تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بەماهیەتی پێکەنیناوی هێشتاش لەجێی خۆیەتی.

نۆژەنکاریو داهێنانی ئەرستۆ لەمێژووی فەلسەفەدا هاوتای نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

ئەویش کەوتە چاکی کۆنە ساڵترین فریوی فەلسەفی، فریۆیک کە تائەمڕۆکەش لەگەڵماندایە. (سیسێرۆ) لەشوێنێکدا دەڵێ: (ئەرستۆ، فەیلەسوفانی بەر لەخۆی بەهۆی ئەوەی، کە پێیانوابوو هەوڵو کۆششی هزریی ئەوان بەسە بۆ ئەوەی کەفەلسەفە یەکجار بۆ هەمیشە کامڵو تەواو بکەن، سەرزەنشت دەکردن. ئەو پێیوابوو کە ئەو فەیلەسوفانە، یان زۆر نەفامن،یان زۆر خودبینن، کە ئاوا بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کە فەلسەفە تەنها لەماوەی چەند ساڵدا هەنگاوی وا گەورەی بۆ پێشەوە هەڵهێنا، ئەویش گەیشتە ئەو رایەی کە فەلسەفە بەزوویی دەگاتە دوایین سنورەکانی سەرکەوتنی خۆی).

ئەو کاتەی کە لەساڵی 323ی پێش زاین ئەرستۆ ناچاربوو لە ئەسینا رابکات، بەڕێوەبردنی (لیسیۆم) بە (تیۆفێراستوس) سپارد. لە یەکێ لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە تیۆفێراستوس عاشقی کوڕەکەی ئەرستۆ ببوو، کە ئەوکات لە قوتابیەکانی ئەوبوو، بەڵام پێدەچێ ئەو مەترسیە پێشینەدارە، لای ئەرستۆ بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە، کە دەسەڵات لە جێنشینەکەی بستێنێتەوە. تیۆفێراستوس بەردەوامێتی

لیسیۆمی دوای رۆیشتنی دامەزرێنەکەی دابینکردو زۆری نەبرد، کە فەیلەسوفە رێرەوییەکان (مەشایی)یەکان، بە شێوازی ناونیشانی خۆیان (=رێرەوی =مەشایی) سەریان بە هەموو گۆشەو کەنارەکانی یۆناندا کردو فەلسەفەی ئەرستۆیان لەگەڵ خۆیاندا گەیاندە هەموو شوێنێک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی سێ سەدە دوای مردنی ئەرستۆ بوو ،کە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەو بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ کە ئاگامان لێهەن و ئاشنایانین، کۆکرانەوە، بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەتوانین بە سەر دوو بەشدا دابەش بکەین، بەشێکیان بریتیە لەو نوسینانەی کە ئەرستۆ بە مەبەستی بڵاوکردنەوە نووسیونی و ئەوەکەی تریش، یاداشتی وانەکانی لیسیۆمە (کەمەبەستی بڵاوکردنەوەیان لەگۆڕێ نەبووە).

قەدەر، هیچ کام لە نوسینەکانی بەشی یەکەمی بۆ ئێمە نەهێشتووەتەوەو ئەوەی کە لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ بە ئێمە گەیشتوە، هەموویان برتین لەبەشی دووەمی نووسینەکانی ئەو بەرهەمانە، لە سەرەتا بە شێوەیەکی پەراگەندەو بچڕبچڕ بوون و بریتی بوون لە سەدان تۆمار (ئەندۆنیکۆسی رۆدێسی) کە دوایین سەرپرشتکاری لیسیۆم بوو، ئەو بەرهەمانەی لە چەند بەش و کۆمەڵەدا، لەژێر ناونیشانی جیاجیادا رێکخستن. ئێمە بۆ وانەی (میتافیزیک) قەرزاری ئەندۆبیکۆسین، ئەو ئەو ناوەی لە بەشێک لە نوسینەکانی ئەرستۆنا.

ئەو بەرهەمە لە سەرەتادا، ناونیشانێکی تایبەتیان نەبوو، هەر تەنها لە دوای ئەو نووسینانەی، کە پەیوەست بوون بە فیزیک، یا شتە سروشتیەکان دانرابوون.

لە بەرئەوە ئەندۆنیکۆس بە سادەیی ناوی نان (دوای فیزیک)ی بە زمانی یۆنانی کۆن (میتافیزیک) ئەم بەشە لە نووسینەکانی ئەرستۆ، برتییە لە چەند بابەتێک دەربارەی گەردوون ناسی (سروشت و پەیوەندییەکانی گەردوون) و هەروەها ماهیەتی کۆتایی شتەکان. ئەو رشتەیەی زانست بە خێرایی بەو ناونیشانەی، کە لەو بەرهەمە نرابوو، واتە میتافیزیک بووە یەک بەقەرزە وشەی میتافیزیک، کە بە تێپەڕبوونی چەندین سەدە، لەگەڵ خودی فەلسەفە ، بوەتە تەریب، لە بنەڕەتدا پەیوەندیەکی بە فەلسەفەوە، کە میتافیزیک وێنایدەکات ، نەبووە، دروست وەکو خودی فەلسەفە، سەرەتا چەکەرەکردنی ئەو ناونیشیانە،

به هەڵێنجانێکی نادروست دەستپێکردو لەوسا به دواوە، به هەمان شێوە درێژەی به گەشەو شکۆفایی خۆی داوە.

*لە قۆناغی شارستانیەتی دێرینی یۆنان و رۆمدا، ئەرستۆ به یەکێ لە فەیلەسوفە گەورەکانی یۆنانی هاوشێوەی کەسانی وەک (سوقرات، یان ئەفلاتون) نەدەژمێردرا. لە قۆناغی شارستانیەتی رۆمیدا، ئەرستۆ وەک لۆژیکزانێکی بەرجەستە ناو دەبرا، بەڵام بەشەکانی دیکەی فەلسەفەی ئەو، بە گشتی لەژێر سایەی قوتابخانەی روو لە گەشەکردنی نوێ ئەفلاتونیدا، نەیاندەتوانی بە بەرجەستەیی خۆیان دەربخەن، (یان تێکەڵی ئەو قوتابخانەیە بوون) و لەسەدەکانی دواتریشدا، پتر تێکەڵی مەسیحیەت بوون.

بیریارانی مەسیحی، هەر زوو لەسودمەندبوونی لۆژیکی ئەرستۆ گەیشتن، لەسەر ئەو بنچینەیە، ئێستا ئەرستۆ پایەی چاوگی باڵای فەلسەفی وەدەستهێنا، لەسەرتاسەری سەدەکانی ناوەڕاستدا لۆژیکی ئەرستۆیی، پایەو بنچینەی باس و مشتومڕە یەزدانناسیە مەسیحییەکانی پێکدەهێنا، بیریارە خۆپەرستە پلەو پایەخوازە دێرنشینەکان، بۆ (دەرهێنانی موو لە ماست) خۆیان لەنێو پاساوکاری لۆژیکیدا نقومکردو باشترینی بیریارەکان بۆ راوکردنی بیدعەتەکان سودیان لەوە وەرگرت، بەمشێوەیە لۆژیکی ئەرستۆیی، لە رووی یەزدانناسیەوە چەندو چوونی تیانەبوو، گۆڕا بۆ بەشێکی بنەڕەتی لە شەرع و یاسا و رێساکانی مەسیحی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هاوشانی ئەو، باڵاکردن و پەرەگرتنەی مەسیحیانەی ئەندێشەکانی ئەرستۆ لە ئەوروپا، باڵاکردن و پەرەگرتنێکی دیکەی بەهەمان ئەندازە گرنگ، لە رۆژهەڵات، لە سەروبەندی پێکهاتن و پێگەیشتندا بوو، کە دواجار کاریگەرێکی قووڵی لەسەر ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست دانا.

لەسەدەکانی هەوەڵی هـەزاری یەکەمی زاینیدا، بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ئەرستۆ بۆ ئەندێشەندانی رۆژئاوا نەناسراو مابوونەوە تەنها لە خۆرهەڵاتی ناڤین، لێکۆڵەران درێژەیان بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی هەموو رەهەندە فەلسەفیەکانی ئەو دەدا، دینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، سەریهەڵداو بەدوای ئەوەدا، داگیرکارییە گەورەکانی عەرەبەکان لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ناڤیندا روویاندا. بیریارانی موسڵمان هەر زوو دەرکیان بە قابلیەت

و بەهاكانی بەرهەمەكانی ئەرستۆ كردو هیچ شتێكیان تیا بەدینەكرد، كە دژ بە دینی ئەوان بێت، بۆیە لەپێناو ئامانجەكانی خۆیان، كەوتنە شرۆڤەو شیكاركردنی تێڕوانینەكانی ئەرستۆ، زۆری پێنەچوو كە چەمك و تێگەیشتنەكانی ئەرستۆ ئەوەندە خزانە ناوئانو پۆی باوەڕی تازەوە، كە دەتوانین بڵێین هەموو فەلسەفەی ئیسلامی بەشێوەیەك لە شێوەكان لە شرۆڤەو خوێندنەوەكانی ئەندێشەو تێروانینەكانی ئەرستۆوە وەرگیرا، عەرەبەكان بوون، كە بۆ یەكەمین جار تێبینی ئەوەیانكرد، ئەرستۆ لەریزی گەورەترین فەیلەسوفەكانە، ئەو كاتەی جیهانی رۆژئاوا رۆدەچووە نێو سەدەكانی تاریكی، جیهانی ئیسلام، درێژەی بە پێشكەوتنی فكری خۆی دەدا، ئەوە دەستەواژانەی كە ئێمە لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتوون، وەكو (جەبر، ئەلكوڵ=كحول، كیمیاگەری)«1»نیشاندەری ئەو میراتە دەوڵەمەندەن، بەڵام گەورەترین سودێك، كە ئێمە لە شارستانیەتی ئیسلامی وەدەستمان هێناوە، سودوەرگرتن بوو لە ژمارەكانی عەرەبی، ئەویش لەكاتێكدا، كە بیركاری لە جیهانی رۆژئاوا، بە هۆی بەكارهێنانی ژمارەكانی رۆحی فەلەج بوو بوو.

بۆ وەرگرتنی ئەو راستیە، ئەوەندە بەسە بۆ نموونە ژمارە(11Lxxxv) تەنها بە بەكارهێنانی ژمارەكانی رۆحی (لاتینی) بەسەر ژمارەی (17XL)دابەش بكەین. ئەو سەختیانەی پەیوەستن بە ئەژماركردنی وردتر یەكسەر دەردەكەون، بێ هۆ نییە كە دەڵێن، تاكە پیاوێكی رۆحی، كە لەمێژووی بیركاریدا ناوی هاتووە، سەربازێكە كە (ئەرشمیدس)ی كوشتوە.

فەلسەفەی ئەرستۆ لە رۆژهـەڵات، لەسەر دەستی دوو بیرمەندی پلەیەكی موسڵمان پێشكەوت ئەبو عەلی حوسین كوڕی عەبدوڵڵا كوڕی سینا (كە خۆشبەختانە، لای ئێمە بە (Avicnna) بەناوبانگە لە كۆتاییەكانی سەدەی دەیەمی زایینی، لە ئێران لەدایكبووە، بە گەورەترین فەیلەسوف و زانای جیهانی ئیسلام دەژمێردرێ.

نووسینە فراوانەكانی ئەو لە بواری پزیشكیدا، لە ریزی باشترین ئەو نوسینانەن، كە تا ئەو كات نوسراون، ئەو نوسیانە بریتی بوون لە تەلاشگەلێكی بەپێز، بۆ ئەوەی كە ئەو رشتەیەی زانست لەئاستی پزیشككاری نادروست زیاتر هەنگاو هەڵێنێ، شتێك كە زانستی پزیشكی هەرگیز نەیتوانیوە بەتەواوی بیخاتە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لاوە ئیبن سینا، تەنانەت هەوڵیدا ئەوەی کە بەبڕوای ئەو تۆخمگەلی پزیشککاریی نادروستبوون لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ، چاکسازی بکات، پرسگەلێکی جۆراوجۆری دەستنیشانکرد، کە ئەرستۆ نادیدەی گرتبوون، تەنانەت وەڵامگەلێکیشی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە پێشنیارکرد، وەڵامگەلێکی ئەوتۆ، کە ئەگەر ئەرستۆ لە یەکەمجاردا، تێبینی ئەو دوفاقیەنانەی بکردبا، رەنگ بوو بیانخانە روو.

هەوڵ و تەلاشەکانی ئیبن سینا، لە بواری زیاتر رێکخستنی ئەندێشەی ئەرستۆ، شارەزایانەیە و زۆر لە بەشە سستێ و لاوازەکانی، پتەو مکوم کردوە، بەداخەوە ئیبن سینا لەزۆرێک لەبەرهەمەکانی خۆیدا، زۆر لەو دەرگایانەی کە ئەرستۆ هەمیشە دەیویست بەکراوەیی بمێننەوە، داخست ئەرستۆ وەیزانی کە ناتوانێ هەموو شتێک بزانێ، ئیبن سینا بە شێوەیەکی دی بیری دەکردەوە.

شیکەرەوە گەورەکەی تری بەرهەم و نووسینەکانی ئەرستۆ لە جیهانی ئیسلامدا، (ئیبن روشد) بوو کە لە سەدەی دوازدەمی زایینی، ئەو کاتەی عەرەبە مەغریبەکان لە ئیسپانیا حوکمیاندەکرد، دەژیاو پزیشک و فەیلەسوفی تایبەتی خەلیفەی (قرگبە) بوو. ئیبن روشد لەو باوەڕەدا بوو کە فەلسەفە، بەشێوەیەکی گشتی و فەلسەفەی ئەرستۆ بە شێوەیەکی تایبەت، رێگای راستەقینەن بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و لە رێگای گەیشتن بەخوا، ئەو دۆزینەوانەی لەباوەڕەوە سەرچاوە دەگرن، رێگای لاوازترن. عەقڵ لەباوەڕ لەپێشترە (زیاتر لەپێنج سەدەی کێشا، تا تێڕوانینی ئاوا بێ باوەڕانە بە ئایین لە ئەوروپای مەسیحیدا دەرکەوتن).

رۆژێـک خەلیفە لە ئیبن روشـدی پرسی کە ئاسمانەکان چۆن چۆنی دروستبوون، و ئیبن روشدی بەم پرسیارە نیگەران کرد.

فەیلەسوف ناچار بوو دانی پێدابنێ کە وەڵامی ئەم پرسیارە نازانێ. (ئەم قسەیە هەمیشە هەڵوێستێکی هزری شایستە نییە، لە وەڵامدانەوەی خەلیفە، کە ئێوەی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دامەزراندوە) خۆشبەختانە خەلیفە رێزی لە راستگۆیی ئیبن روشدنا و ئەوی بەڕێ کرد، تا وەڵامی ئەو پرسیارە لە بەرهەمەکانی ئەرستۆدا بدۆزینەوە.

لەماوەی سێ ساڵ دواتردا، ئبین روشد زۆر شیکردنەوەو تەفسیری لە سەر تێڕوانینەکانی ئەرستۆ نووسن، ئەو زیرەکانە قەت وەڵامێکی بەپرسیارە ئەسڵیەکەی

خەلیفە نەدایەوە، خەلیفە خۆیشی پێشتر لەو بارەیەوە رای خۆی دەبڕیبوو، بەڵام ئیبن روشد ژمارەیەک لە وەڵامەکانی خۆی بۆ ئەرستۆ خستنەڕوو، تەنانەت پاساوکارییەکانی ئەرستۆشی بۆ پێشخستنی دیدگا تایبەتیەکانی خۆی بەکارهێنان لە دیدگا گەلێک، کە زۆریان لەگەڵ تێرۆانینەکانی ئەرستۆ جیاوازیان هەبوو).

ئەمە هەمان ئەو بۆچوونە بوو، کە لەگەڵ زەوق و دیدی ئەندێشمەندانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا یەکیدەگرتەوەو هەر زوو کارایی ئەو دیدگانەیان بۆ بەدواچوون و ئازاردانی ئەوانەی بە پێچەوانەی ئەوان بیر دەکەنەوە و بۆ بیدعەتکاران خستەکارەوە وەرگێڕانی تەفسیرەکانی ئیبن روشد لە سەر ئەندێشەی ئەرستۆ هێواش هێواش لە پاریس، کە گرنگترین نێوەندی زانستی ئەو دەم بوو، دەستاو دەستیدەکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئبین روشدیەکان- ناوێک کە ئەو بیریارانە پێدەناسران- تووشی دەردەسەری بوون. کڵیسا دەیتوانی دیدگاکانی ئەرستۆ قبوڵ بکات، بەڵام ئەو شرۆڤەو تەفسیرە تازانە لە سەر بەرهەمەکانی ئەرستۆ بە شێوەیەکی گومانئامێز، بە دوور لە راستی ئایینی و ئایینشکێنی، دەکەوتنە بەرچاو. لە ململانێی نێوان عەقڵ و باوەڕ، هیچ کەس نەبوو، گومانی لەوەهەبێ، کە باوەڕ خاوەن دوا قسەیە، ئیبن روشدییەکان، خۆیان لەبەردەم پەنجەی تۆمەتبارکردن، بە هەڵگەڕانەوە بینیەوەو تەنها رێگایەک کە ئەوان دەیانتوانی بۆ داکۆکیکردن لە خۆیان بیگرنە پێش، بریتی بوو لە بەکارهێنانی پاساوکارییەکانی هەمان سەرچاوەی بیدعەتکارییەکانی خۆیان، واتە نووسینەکانی ئیبن روشد خۆی. خۆشبەختانە ئەو گرفتە بە دەرکەوتنی (تۆماس ئاکویناس) چارەسەر بوو، ئەو کە بە گەورەترین بیرمەندی سەدەکانی ناوەڕاست دەژمێردرا، توانی سازش و پێکهاتنێک لە نێوان هەر دوو گروپی پێکناکۆک چێبکات. ئاکویناس پێشنازیکرد، کە عەقڵ دەبێ لە کارکردو هەنگاوەکانی خۆیدا، بە گوێرەی یاسا بێ چەندوچوونەکانی خۆی ئازاد بێت، بەڵام تا ئەو شوێنەی، کە پێ لە قەڵەمڕەوی باوەڕ نەباتەدەر، عەقڵ بەبێ باوەڕ هیچ نییە.

ئاکویناس بە قووڵی کەوتە ژێر کارتێکردنی ئەرستۆو هەرزوو بەهای مەزنی ئەو فەیلەسوفەی دەرکێکرد. ئەو بەشی هەرەزۆری تەمەنی خۆی، لە رێی پێکەوگونجاندن و سازگارکردنی فەلسەفەی ئەرستۆ، لەگەڵ فەلسەفەی

کڵیسا خەرجکرد، سەرەنجام ئاکویناس سەرکەوت لەوەی ئەرستۆگەرایی وەک پایەو بناغەی فەلسەفی یەزدانناسی مەسیحی جێگیر بکات، ئەو کارە لە یەکەم هەنگاودا، بە مانای هێنانەکایەو لە دوایشدا هەڵوەشاندنەوەی ئەرستۆ گەرایی بوو، کڵیسای کاسۆلێک رایگەیاندبوو چەمکەکانی ئەرستۆ، بەو شێوەیەی کە ئاکویناس تەفسیری کردوون راستن و هەرکەس لە هەوڵی نکۆڵیکردن لەو واقیعیەتەدابێ، بیدعەتکارەو سزای بیرعەتکاران دەیگرێتەوە (هەڵومەرجێک، کە تا ئەمڕۆکەش هەر درێژەی هەیە).

بەشێکی گەورەی نووسینە فەلسەفیەکانی ئەرستۆ لە مەڕ جیهانی سروشتیدا دەدوان و لە بەر ئەوە دەقگەلێکی زانستی بوون.

زانستیش وەک فەلسەفە، هەندێ ئەحکام دەردەکـات، کە پێدەچێ حەقیقەت بن، بەڵام دواتر پووچەڵبوونیان ساغدەبێتەوە، تێڕوانینە زانستیەکان، دەبێ پابەپای پەرەگرتنی دەرکی ئێمە لەجیهان، مشتو ماڵ و چاکسازی بکرێن.

کڵیسا بە سەیرکردنی نووسینەکانی ئەرستۆ، وەک سروشی دابەزێندراوی بێچەندوچوون، خۆی لە گۆشەیەکدا وێناکرد( گۆشەیەک لە زەوییێکی بڵندترا). بۆیە ناکۆکی نێوان کڵیسا و دۆزینەوە زانستیەکان، حاشا هەڵنەگربوو.

ئەرستۆ بەرپرسی دروستکردنی ئەو جۆرە ناکۆکیەی نێوان عەقڵ و باوەڕ نییە، ناکۆکیەک کە تا سەدەی بیستەم لە بیرکردنەوەی رۆژئاوادا، بە شێوەیەکی رازیکەرانە کۆتایی پێنەهات، لە راستیدا ئەو ناکۆکییە وەکو (کۆنت دراکۆلا)ی

(خوێنمژ)، هەروەها ئەو کاتەی کە ئەو بۆ جیهانی زانست و زانیاری دەگەڕێنەوە، بە شێوەیەکی ترسئامێز و سەیر هەڵدەستێنەوە ئەو باس و مشتومڕە چڕو ئاڵۆزەی، کە لە ئەمریکا لە نێوان لایەنگرانی تیۆری کامڵبوونی داروین و ئەوانەی بـاوەڕدارن بە تیۆری خیلقەت (حەقیقەتی وشەیی کتێبی پیرۆز) لەگۆڕێدایە، شتێک نییە، جگە لە نموونەیەکی دوایی ئەو واقیعیەتە.

وێرای لەنێوچوونی بیرکردنەوەی ئەرستۆیی، ئەرستۆ خۆی درێژەی بە رۆڵ بینین لە فەلسەفەی مۆدێرن داوە، (تۆماس کوهن)، فەیلەسوفی زانست، کە لەبیرمەندە هاوچەرخەکانی ئەمریکایەو یەکێکە لە هەوادارە دڵگەرمەکانی ئەرستۆ، خۆی لەو بابەتەدا سەرسام بینی، کە چۆن ئەو داهێنەرە ناوازە مەزنە،

لەهەمانکاتدا توانیویانە تووشی ژمارەیەک هەڵەی سادەو ساویلکانە ببێنەوە، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوەشدا کە فەیلەسوفان و ئەستێرەناسان، چەند پێشتر لە ئەرستۆ تێگەیشتبوون، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، کەچی ئەو باوەڕە مایەوە، کە زەوی چەقی گەردوونە، هەڵەیەک کە زانستی ئەستێرەناسی بۆ ماوەی پتر لە (1500)ساڵ بەسەختی سنوردارکرد، هەروەها باوەڕی ئەرستۆ سەبارەت بەوەی، گەردوون لە چوار رەگەزی یەکەم واتە (ئاو، ئاگر، هەوا، خاک) پێکدێ، رێگای بیرکردنەوەی زانستی بەستت بەخوێندنەوەو بەدواداچونی هەڵەکانی ئەرستۆ، کۆهنی بەو ئاقارەدا رێنوێنیکرد، کە تیۆری خۆی سەبارەت بە سەرمەشق یا یارادیمەکان رێکبخات، ئەو تێگەیشتنە، بیرکردنەوەی ئێمەی سەبارەت بە فەلسەفەی زانست، لە رەگ و ریشەوە گۆڕی و کارگەلێکی زۆریش بەدەر لە قەڵەمڕەوی فەلسەفەی زانست پەیداکرد، بە بۆچوونی کوهن، هۆی هەڵەکانی ئەرستۆ، چۆنێتی دیدگای ئەو و هاوسەردەمەکان، ئەوە بۆ جیهانی بوون، یا واتە سەر مەشق یا پارادیمی ئەندێشەکانمان، لە روانگەی یۆنانیە کۆنەکاندا، جیهان لە چۆنیەتیەکان پێکهاتوو، شتگەلێکی وەک وێنە، ئامانج و شتی لەو جۆرە، لەو رووەوە کە ئەوان ئاوا سەیری جیهان دەکەن، ناچار بوون بگەنە ژمارەیەک دەرەنجامی نادروست، وەک ئەو دەرەنجامانەی کە تەنانەت ئەندێشەی ئەرستۆیشیان بەهەدەردا.

دوا ئەنجامی حەتمی تیۆری کوهن دەربارەی سەرمەشقەکان ئەوەیە ،کە شتێک بە ناوی چۆنێتی دیدی (دروست)ی جیهان، چ لە رووی زانستی و چ لەرووی، فەلسەفی، بوونی نییە، ئەو دەرەئەنجامەی کە ئێمە وەدەستی دێنین هەر تەنها پەیوەندیان بەو سەرمەشقانەوە هەیە کە هەڵیاندەبژێرین، چینێک کە بۆ بیرکردنەوە دەربارەی جیهان هەڵیدەبژێرین. بە واتایەکی تر، حەقیقەتێکی رەها لە گۆڕێ نییە.

## لە نووسینەکانی ئەرستۆ

(ئێمە دەجەنگین بۆ ئەوەی لە ئاشتیدا بژین)

ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی دەیەم، 5b177-6

ئامانجی ژیان

«وا دەردەکەوێ کە هەریەک لە هونەرو توێژینەوەکانی ئێمە، هەروەها هەر یەک لە کردارو هەڵبژاردنەکانی ئێمە هەوڵدانن بۆ وەدەستهێنانی چاکەیەک. بەمپێیە، دەتوانین بەدروستی، چاکە بە (ئامانجی هەموو شت) بزانین، لەگەڵ ئەوەشدا، ئاشکرایە کە لەنێوان ئەو ئامانجانەی کە شتەکان مەیلیان بەلادا دەشکێن جیاوازی هەیە، هەندێ لەو ئامانجانە خودی کردارەکانن، لە کاتێکدا کە هەندێکی تریان ئاسەوارو دەرەنجامی جیا لە کردارەکانن، لەو رووەوەکە، ئامانجەکان جیان لە کردارەکان، بێگومان دەرەنجامەکان مەزنترن لە کردارەکان، لە بەر ئەوەی دەبینن تەکنیک و کردارو زانیاری جۆراوجۆر بوونیان هەیە، ناچار ئامانجەکانیشان جۆراوجۆرە، ئامانجی زانستی پزیشکی، تەندروستی، و ئامانجی تەکنیکی لەشکرکێشی، سەرکەوتنە، ئامانجی زانستی ئابوری، وەدەستهێنانی سامانە»

(ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی یەکەم،1a1094)

((چاکە بۆ مرۆڤ چالاکیی لێبڕاوانەی نەفسە، بەپێی کەماڵ پاشکۆمەندی، و ئەگەر کەمالآت، یان شکۆمەندیگەلێکی جۆراوجۆر هەبن، بەپێی باشترین و پێگەیشتووترین ئەو کەماڵ و شکۆمەندیانە، بەڵام ئەو چالاکیە، دەبێ لە سەرتاسەری تەمەندا بەردەوام بێ، چونکە بە تەنها گوڵێک نە بەهار دێ و نە رۆژێکی بەهاری. بەهەمان شێوە، خۆشبەختیی یەکرۆژە، یان کورت خایەن))

هیچ کەس بە تەواوەتی خۆشبەخت و بەختەوەر ناکات.

(ئەخلاقی نیکوماخوس، کتێبی یەکەم، 19-16a1098)

((تراژیدیا نمایشکردنی زانستێکی گەورەو زۆر جدیە، کە لەماوەی دیاریکراودا روودەدا، بەڵام لە خۆیدا کاملە...رووداوگەلێک وێنا دەکات، کە دەبنە مایەی وروژاندنی هەستی بەزەیی و ترس لە (ئێمە)دا، تا بەو رێگایە، ئەو جۆرە هەست و سۆزانە بپاڵێورێن و پاکبکرێنەوە))

تەکنیکی شیعر، 28- 24b1449



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

((ئەو کەسەی لێکۆڵینەوە دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتن و هاتنەکایەی دیاردەکانەوە دەکات، جا ئەو دیاردەیە حکومەت بێ، یان هەرشتێکی تر، روونترین دیدگای لە بارەوە وەدەست دێنی))

سیاسەت 25–24a1252

((بە مپێیە ئاشکرایە کە دەوڵـەت زادەی سروشتە...و یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئادەمیزاد (کە ئەو لە گیاندارانی دیکە جیا دەکاتەوە) ئەوەیە، کە ئەو بە تەنێ خاوەنی دەرکێکە لە چاکەو خراپە، دادگەری و بێداری و شتی لەو چەشنە، و کۆبوونەوەی بوونەوەر گەلێکی زیندوو، کە ئەو دەرکەیان هەیە، خێزان و دەوڵەت دێنە کایە))

a1253سیاسەت، 18–2

((لە رونگەی نەزمی سروشتدا، وێنای دەوڵەت لە وێنای خێزان یا تاک لە پێشترە، چونکە بێگومان گشت لە بەشەکان لە پێشترە.

ئەگەر گشتی بوونی مرۆڤێک بخەینە لاوە، ناتوانی بڵێیت پێیەک، یان دەستێک ماوەتەوە، چونکە مرۆڤەکە سراپای لە نێوچووە، مردوە، مەرگەر ئەوەی کە بەچەشنێک لێکبیدەیەوە کە وەک بڵێی لە بەرد دروستکراوە

چیبوونی هەرشتێک تەنها لە تواناکانی و دەسەڵاتی بۆ وەدیهێنانیان سەرچاوە دەگرێ و ئەگەر ئیدی ئەو توانایانەی نەبوو، یان نەیتوانی بەدیانبهێنێ، ئیدی هەمان ئەو شتە نامێنێتەوە، بەڵکو تەنها هەمان ناوی هەیەو بەس، بەمشێوەیە، روونە کەشار (کۆمەڵی سیاسی) لەتاک لە پێشترە، چونکە ئەگەر تاک لێوەشاوەیی ئەوەی نەبێ، کە بە تەنیا حکومەتێکی تەواو پێکبێنێ، پەیوەندی ئەو بەشار (کۆمەڵی سیاسی) تەواو وەکو پەیوەندی هەر شتێکی دیکەیە بەگشتی خۆی. ئەو کەسەش کە ناتوانێ لە نێو کۆمەڵگەدا بژی، یان ئەوەندە پشتبەستووە بەزاتی خۆی کە پێیوابێ پێویستی بە پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی تردا نییە، یا دەبێ جانەوەر بێ، یان خوا بەمپێیە، ئەنگیزەیەکی خۆرسک لە ناخی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە، تا بەو شێوەیە لەگەڵ یەکدا پەیوەست بن و ئەو کەسەی کە

یەکەمین کۆمەڵگەی مەدەنی بنیاتـ نا، گەورەترین سودی بە مرۆڤەکان گەیاند، بەو شێوەیەیە کە مرۆڤ باشترینی گیانداران (و شەرەفەتمەندترینی بوونەوەرەکان) ە، دروستـ بە هەمان شێوەی کە لە حاڵەتی نەبوونی یاساو دادگەریدا خراپترینیان دەبێ، چونکە ریشەکێشکردنی هیچ شتێک لە ریشەکێشکردنی بێداری لە سایەی هێزدا زەحمەتتر نییە، بەڵام ئەو هێزە، زانی مرۆڤە، کە هەم رەگەزی تەدبیرو دوورئەندێشەی تیادا جێگیرەو هەم رەگەزی ئازایەتی ناعاقڵانە، و دەتوانێ بۆ مەبەستـ و ئامانجگەلی دادگەرانەش سوودی لێوەربگیرێ و هەم بۆ ئامانجگەلی نا دادگەرانە. ئەو کەسانەی هێز بەدیوە خراپەکەی بەکاردێنن، شەڕەنگێزترین و شەهوەتبازترین و چاوچنۆکترین بوونەوەرگەلێکن کە دەشێ وێنایان بکەین، لەلایەکی ترەوە، دادگەری هەمان ئەو شتەیە، کە مرۆڤەکان بە حکومەتەوە پەیوەستـ دەکاتـ، چونکە رەفتاری دادگەرانە، کە بریتیە لە دیاریکردنی داد،بنچینەی نەزم و دیسپلین کۆمەڵگەی سیاسیە))

سیاسەتـ 40–25a1253

((دیموکراتەکان، بەرجەستەبوونی دیموکراسی لە خواستـ و بڕیاری زۆربە دەزانن، داکۆکیکارانی ئەلیگارشی، دەڵێن دەبێ بەڕێوەبردن و جڵەوی کاروبارەکان لەدەستی کەسانی دەوڵەمەندداب‌ێ، بەڵام هەردوو ئەو شێوازە، لەگەڵ پێوەرەکانی دادگەری و یەکسانیدا ناکۆکن. ئەگەر خواستی کەمینە حوکمڕان بێتـ، ستەمکاری بەسەر کۆمەڵگادا فەرمانڕەوا دەبێ، چونکە بە پێی پێوەرە دادگەریەکانی ئەلیگارشی، هەر کەس، کە لەوانی تردا بەرهەق و رەوایە، لەلایەکی تر، ئەگەر خواستی زۆر بە سەر کۆمەڵگا فەرمانڕەوابێ، وەک چۆن پێشتر گوتمان، حکومەتـ بەدەستبەسەرداگرتنی دارایی دەوڵەمەندەکان، کە کەمینەن و بەو پێیەش مافی بڕیاردانیان نییە، بناغەی بێداری پیادە دەکاتـ، کەوایە ئەو تێگەیشتنە یەکسانەی کە هەردوو لایەن بتوانن لە سەری رێکبکەون، دەبێ لە پێناسەیەک لە ماف وەریگیرێ، کە لە نێوان هەردوولادا هاوبەش بێتـ))

سیاسەتـ، 28–19a1318

((بابەتگەلی بیرکاری، لە رووی جەوهەریەوە، لە شتەکان بایەخدارتر نین، ئەم بابەتانە تەنها لەبەر پێناسەی لۆژێکی لە شتە هەستپێکراوەکان لە پێشترن،

نەک لەرووی بوونەوە، بابەتگەلی بیرکاری، ناتوانن لە شوێنێک بە شێوەیەکی جیاو سەربەخۆ بوونیان هەبێ، بەڵام لەو رووەوە کە ناشێ لە شتە هەستپێکراوەکانیشدا هەبن، بۆیە روون و ئاشکرایە، کە بابەتگەلی بیرکاری، یان هەر نین، یا تەنها بە واتایەکی تایبەت هەن، کە ئەو واتایە دەلالەت لەسەر بوونێکی سەربەخۆدا ناکات» هەبوو» دەتوانێ واتاگەلی زۆر جیاجیای هەبێ))

میتافیزیک، 17–12b1077

((تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە تەنە سروشتەکانەوە هەیە، هەندێک لەوانە گیانداران و هەندێک بێگیان، بە واتایەکی تر هەندێ لە تەنە سروشتیەکان ئەو توانایەیان هەیە، کە خواردن بخۆن، گەشە بکەن و تووشی پووکانەوە ببن، کەوایە هەر تەنێکی سروشتیی گیاندار، نەک هەر تەنها جەوهەرە، بەڵکو جەوهەرێکی پێکهاتەییە، بەڵام لەوەی کە ئەو تەنە لە جۆرێکی دیاریکراوە، واتە گیاندارە ناتوانێ هەمان نەفەس بێت، چونکە تەن بابەتە، نەک شتێک بە سەر بابەتدا سەپێنرابێ و دواجار تەن، مادەیە کەوایە نەفەس بەم واتایە جەوهەرە، کە وێنەی تەنێکی سروشتیە، کە تەواو، گیاندارە، جەوهەر لەم مانایەدا حەتمیەت دوو لایەنی هەیە کە یەکێکی وەک هەبوونی زانستەو ئەوەتر وەک سوود وەرگرتنە لە زانست. ئەو حەتمیەتەی کە ئێمە قسەی لێدەکەین، لە شێوەی هەبوونی زانستە، چونکە هەم خەو هەم بێداری، پێویستیان بە بوونی نەفەس هەیە و بێداری هەروەکو سوود وەگرتن لە زانستە، لە کاتێکدا کە خەو لە شێوەی هەبوونی زانستە بە بێ سوود وەرگرتن لێی))

دەربارەی نەفەس، 26–17a412

((ئاشکرایە کە هۆکار هەن و ژمارەشیان یەکجار زۆرە، ئەو هۆکارانە کاتێک بۆ ئێمە روو دەبنەوە، کە بپرسین» چما ئەمە روویدا»؟ ئەمە ئێمە بەرەو چەند پرسیارێکی گرنگ دەبات، کاتێک لەگەڵ شتە لە گۆڕان نەهاتووەکاندا، رووبەڕوو دەبینەوە دەپرسین» ئەوە چییە»؟

بۆ نموونە لە بیرکاریدا دەتوانین ئەم پرسیارە لە پێناسەی راستەهێڵ، یان ژمارەکان و شتی لەو بابەتە کورتبکەینەوە لە حاڵەتی تردا، رەنگە بپرسین:» چ شتێک بووە هۆی ئەو گۆڕانە»؟ وەک ئەوەی کە بۆ نموونە لە بارەی پرسیاری

« ئەم خەڵکە چماچوونە شەڕ»؟ وەڵامەکە رەنگە ئەوەبێ کە « چونکە دوژمن پەلاماری سنوری دابوو» یان بۆ ئامانجی پرسەکە دەگەڕێتەوە، بە واتایەکی تر ئەمان چوونە شەڕ، تا فەرمانڕەوایی بکەن. لە واتایەکی دیکەدا، لەو رووەیەوە کە شتگەلێک دێنە ئاراوە، هۆکارەکەیان بریتیە لەمادده، بە ئاشکرا هۆکارەکان لەو جۆرەن.

جۆرەها هۆکار هەن و هەرکەس کە دەیەوێ لەهەوڵی دەرککردنی سروشت بێ، دەبێ بزانێ چۆن پەردەیان لەسەر لابدات، لە راستیدا، هۆکارەکان چوار جۆرن: مادی، وێنەیی، کرداری و ئامانجی))

فیزیک، 24–14a198

((لەبەرئەوەی جووڵە سەرمەدیە، کەوایە جووڵێنەری یەکەمیش، ئەگەر هەبێ، سەرمەدیە..و لێرەدا ئەوەندە بەسە کە دان بە جووڵێنەرێکی تاک دابنێین، کە لەهەموو شتە بێ جووڵەکان لە پێشترە، شتەکان دەخاتە جووڵەوە، چونکە سەرمەدیە سەرەتاو چاوگی هەموو شتەکانی دیکەیە))

فیزیک، 14–7a259

((ئەرستۆ بەرادەیەک لەبارەی شتگەلی بێژمار داهێنەرانە بابەتی نووسین و بیری لێکردنەوە، کە بەناچاری ژمارەیەک لە پرسەکان بە هەڵە تێگەیشتوە)).

ئەو کەسانەی کە پەردەی کونەلووتیان ئەستورە، کەسانێکی تەنبەڵن، دروست وەکو مانگا، ئەوانەی کە سەری لووتیان پانە کەسانێکی بێ هەستن، دروست وەکو بەراز بە پێچەوانە، ئەو کەسانەی کە سەری لووتیان تیژە بە ئاسانی تووڕە دەبن، وەکو سەگەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کەسەری لووتیان خڕو سافە، کەسانێکی بەخشندەن، وەکو شێرەکان ئەوانەی، کە سەری لووتیان باریکە وەکو باڵندەوان، بەڵام ئەگەر لوتیان هەڵۆیی و یەکسەر لە نێوچاوانیانەوە درێژبوو بێتەوە، ئامادەی رەفتاری بێ شەرمانەن (دروست وەکو قەلە رەشەکان))

قیافەناسی، 36–28–71

(( ئەرستۆ هەوڵێکی زۆریدا، تا توێژینەوەی زانستی و چینبەندی بنیات بنێ و جێگری بکات، دەستوەردو هەڵێنجانەکانی ئەو لەو بوارەدا سەرسوڕهێنەرن، بە تایبەت ئەگەر زۆرێک لەو بەڵگەو زانیاریەباوانەی»ئەوکات« لەو رووەوە لەبەرچاوبگرین، بەڵگە و زانیاریگەڵێک کە ئەرستۆ بەشێکە لێ تۆمارکردوون».

دەڵێن لە نیمچەدوورگەی عەرەب جۆرە کەمتیارێک دەژی کە تەنها بەخۆنیشاندان نێچیرەکەی فەلەج دەکات، ئەگەر ئەو کەمتیارە سەیری سێبەری مرۆڤێک بکات، نەک هەر مرۆڤەکە فەلەج دەکات، بەڵکو توانای قسەکردنیشی بە تەواوی لێدەسێنێ.

دوو رووبار لە (ئوبوئیا) هەن، ئەو گایانەی، کە ناویان (سەربیس)ە ئاوی لێبخۆنەوە سپی دەبن، و ئەو گایانەی کە ناویان (نلیوس)ە ئاوی لێبخۆنەوە رەش دەبن... رووباری(رنوس) بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەی رووبارەکانی تر دەڕوات، واتە رووەو باکور، چێیەک کە زەرمەندەکانی لێ نیشتەجێن لە وەزری هاویندا، دەتوانرێ لە نێو ئاوی ئەو رووبارە کەشتی لێخوڕی، بەڵام لە وەرزی زستان، رووی ئاوی رووبارەکە، بە چەشنێک دەبێتە سەهۆڵ، کە خەڵک وەک چۆن لە سەر زەوی دەتوانن بڕۆن، ئاواش بە سەر ئەو ئاوە سەهۆڵبەندانەدا دەڕۆن))

لەبارەی شتە سەیرو سەمەرەکان،168، 145

((بە درێژایی چەندین سەد، بەشی هەرە زۆری هەوڵەکانی ئەرستۆ زەمینەی فەلسەفەدا، بەشتی رەهاو لەنکۆڵینەهاتوو لەقەڵەمدەدران، راستیەکانی ئەو»راستیە سەرمەدیەکان»بوون، کە هەرگیز نەدەکرا، نکۆڵیان لێبکرێ، بەڵام دەرکەوتنی فەلسەفەی نوێ بەو دەرەنجامە شکایەوە، کە وردە وردە بیرکردنەوەی ئەرستۆیی بخرێتە لاوە، بەشێوەیەکی حەتمی، ئەوە چاوەروان دەکرا، کەگرنگترین دەسکەوتی ئەو ، واتە لۆژێک، تا ئەبەد بمێنێتەوە ئینجا (نیتشە) دەرکەوت و تەنانەت لۆژیکشی بردە ژێر پرسیارەوە).

ئێمە ناتوانین تاکە شتێک هاوکات پەسەند بکەین و رەتیش بکەینەوە، ئەمە یاسایەکی ئەزموونی زەهینەو نیشاندەری هیچ چەشنە» پێویستی»یەکی لۆژیکی نییەو تەنها ئاماژە بەبێ توانایی ئێمە دەدات لەو کارەدا.



نایابترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

لەدیدی ئەرستۆدا، بنەمای پێشگیری ناکۆکی، یەقینترین و بنچینەیترین بنەمایە، دوابنەماو بنچینەتیرین بنەمایە، کە سەرجەم نیشانە بەڵگەییەکانی لەسەر جێگیرن، سەرەتاکانی هەموو بنەماو پرەنسیپە حەتمیەکان وابەستەی ئەو بنەمایەن، کەوایە ئەگەر بە راستی مەسەلەکە بەو چەشنەیە، زۆر پێویستە بە وردبینێکی زۆرترەوە ئەو پێشمەرجانە کە لەناخی ئەو مەسەلەیەدان شی بکەینەوە«ئەو بنەمایە» یاشنێک دەربارەی حەتمیەت، دەربارەی بوون دەردەکەوێ، بەشێوەیەک کە لەپێشدا، لە سەرچاوەیەکی تردا پێماندەزانی، واتە بە شێوەیەک کەنەدەکرا، ئەو بارگە پێکناکۆکانە بدەینە پاڵ ئەو (= بوونە).

با بەو مانایەیە، کە ئەو بارگە پێکناکۆکانە، نابێ بدرێنە پاڵیەوە، لەو حاڵەتەدا، لۆژێک بەو شێوەیەی، کە پێشتر دانراوە، نابێتە پێداویستی دۆزینەوەو ناسینی حەقیقەت، بەڵکو تەنها پێدوایستی رێکخستنی جیهانێک دەبێ، کە ئێمە دەتوانین بە جیهانی حەقیقی ناوزەدی بکەین.

بەمپێیە ئەو پرسە، هەروا بەهێزو کاریگەرە، کە ئایا بنەما سەرەتاییەکانی لۆژیک تەواو، لەگەڵ واقیعەت یەکدەگرنەوە؟ یا ئەوەی کە تەنها ئامرازو شێوازێکن بۆ ئێمە، تا چەمک و تێگەیشتنێک لە«واقیعەت» کە خۆمان پەسەندی دەکەین دابهێنین؟ بۆ وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤ بە پرسیاری یەکەم، وەک چۆن ئاماژەی پێدرا، دەبێ ناسین و ئاشنایەتێکی پێشترمان لە«بوون» هەبێ(واتە ناسینێکی پێشتر لەسەر سوود وەرگرتنمان لە لۆژیک و تەواو جیاواز لێیەوە) گومانی تیانییە، کە ئەو جیاکاریە دروست نییە، بەمپێیە گوزارەی باسکراو (هەمان ئەوەی کە بنەمای پێشگیری ناکۆکی پێکدێنی) لەخۆگری هیچ پێوانیەک نییە، بەڵکو تەنها حوکمێکە، کە دەڵێ چ شتێک دەبێ بەحەقیقەت بژمێردرێ))

نیتشە، ئیرادەی چاو لەدەسەڵات، بەشی 516

((بەم تەرزە، لۆژیک دەگۆڕێ بۆ ئەخلاقی چۆنیەتی دیدی ئێمە بەجیهان و چۆنیەتی تێگەیشتنمان لێی، ئەخلاقی مەعریفی ئێمە، نکۆڵیکردن لە لۆژیک(هەڵە) یە، نە بە مانای چاودێر بە سەر واقیعەت، بەڵکو بەمانای ئەخلاقی، بەمپێیە، سەرجەمی تێڕوانین و وێناکردنەکانی ئێمە لە حەقیقەت –حەقیقەتی لۆژێکی،

زانستی، دینی، پێدوایستی خستنەرووی کۆمەڵایەتیی حەقیقەت و شتی لەو جۆرە خۆلەیەک دەستەواژە یەکدەگرنەوە، ئەو تێڕوانینانە سیستەمگەلێکن کە ئێمە لەژێر سایەیاندا دەژین، سیستەمگەلێک کە بۆ ئێمە سوودمەندن، هیچ کام لەوانە لەسەر ئەوەی کە لە راستیدا رووەدا جێگیر نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای شتێک جێگیرە، کە بۆ ئێمە سوودمەندەو لەگەڵ ئەو شێوازەی، کە بۆ تێڕوانینی جیهان هەڵیدەبژێرین سازگارە))

## ساڵنامەی رووداوە گرنگە فەلسەفیەکان

**(مێژووەکان زایینین)**

*سەدەی شەشەمی پێش زایین: دەستپێکی فەلسەفەی رۆژئاوا بە ئەندێشەی (تالس مەلائی).

*کۆتایی سەدەی شەشەمی پ.ز:مەرگی فیساگۆرس.

*399پ.ز: سوقرات لە ئەسینا بەمەرگ مەحکوم دەکرێ.

*387 پ.ز: ئەفلاتون ئەکادیمیای خۆی کە بەیەکەمین زانکۆ دەژمێردرێ لەئەسینا بنیاتدەنێ.

*335 پ.ز : ئەرستۆ خوێندنگەی لیسیۆم لە ئەسینا دادەمەزرێنێ کە دەبێتە هەڤرکی ئەکادیمیا.

*324ی زایینی: ئیمپراتۆر (کونستانتین) پایتەختی ئیمپراتۆریای رۆم بۆ شاری بیزانس دەگوازێتەوە

*400 زایینی: (سنت ئاگوستین) کتێبی (دانپیانان)ی خۆی دەنووسێ، فەلسەفە لە نێو یەزدانناسی مەسیحیدا دەتوێتەوە.

*410زایینی: رووخانی ئیمپراتۆریای رۆم بەدەستی بەربەرەکان.

*529زایینی: داخستنی ئەکادیمیای ئەسینا بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستین)، نیشانەی کۆتایهێنانی سەردەمی حکومەتی یۆنانی و دەستپێکی چاخی تاریکی.

*ناوەراستەکانی سەدەی سێزدە:(تۆماس ئاکویناس) هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنووسێ چاخی فەلسەفەی قوتابخانەیی.

*1453 زایینی رووخانی بیزانس بەدەستی تورکەکان، کۆتایهێنانی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریای بیزانس

*1492 زایینی: (کریستۆف کۆڵۆمب) دەگاتە ئەمریکا، چاخی نوێگەری لەشاری فلورانس و ژیاندنەوەی دووبارەی تەعالیمەکانی یۆنانی.

*1543زایینی: (کۆپەرنیک) کتێبی دەربارەی خولادنەوەی تەنە ئاسمانیەکان بڵاودەکاتەوە و لەرووی بیرکاریەوە سەلماندی کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسورێتەوە.

*1633زایینی: کلێسا (گالیلە)ی ناچارکرد کە بە فەرمی تێوری تەوەرە

یبیوونی خۆر نکۆڵی بکاث.

*1641زاییینی: (دیکارث)، کتێبی (ئێرامان)ی خۆی بڵاودەکاتەوە دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی مۆدێرن.

*1677زاییینی: کتێبی(ئاکار)ی ئەسپێنوزا دوای مردنی خۆی مۆڵەتی بڵاوکردنەوە وەردەگرێ.

*1687زاییینی: نیوتن کتێبی (بنەماکان) بڵاو دەکاتەوە وتیایدا لەسەر پێناسەکردنی چەمکی (کێشکردن) رادەوەستێ.

1689زاییینی: جۆن لۆک(نوسراوی دەربارەی دەرکی مرۆڤ) بەچاپ دەگەیەنێ دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی ئەزمونگەرایی.

*1710زاییینی: (برکلی) کتێبی (بنەماکانی زانستی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوەو ئەزمونگەرایی بەرەو سنور گەلی نوێ دەکێشێ.

*1716زاییینی: مردنی لایبنتیس.

*40–1739زاییینی: هیوم(نوسراوی دەربارەی سروشتی مرۆڤ) بڵاو دەکاتەوە و ئەزموونگەرایی، تا قەڵەمڕەوە لۆژیکیەکەی بۆ پێشەوە دەباث.

*1781زاییینی: کانث کە بە یارمەتی هیوم « لە خەوی دۆگماتیکی خۆی بێداربۆتەوە» کتێبی (رەخنەی عەقڵی پەتی) بڵاو دەکاتەوە. چاخی پرشکۆی میتافیزیکی ئەڵمانی دەست پێدەکا.

*1807زاییینی: هیگڵ کتێبی (دیاردەناسیی زەهن) بڵاودەکاتەوە، کە خاڵی ترۆپکی میتافیزیکی ئەڵمانیە.

1818زاییینی: شوبنهاوەر کتێبی (جیهان وەک ئیرادەو ئاوڕدانەوە) بڵاو دەکاتەوە و فەلسەفەی هیند لە نێو میتافیزیای ئەڵمانیدا دەخاتەڕوو.

1889زاییینی: نیتشە بە راگەیاندنی ئەو پرسەی، کە «خوا مردوە» لەشاری تورین دووچاری شێتی دەبێ.

*1921زاییینی: وینگشتاین (نوسراوی لۆژیکی–فەلسەفی)ی خۆی بڵاو دەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە دەکاث، کە لەو نوسراوەدا گەیشتوەتە دوا رێگا چارەی پرسە فەلسەفیەکان.

*دەیەی 1920: بازنەی ڤینەننا، پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی برەو پێدەدا.

*1927:هایدگەر کتێبی (بوون و زەمان) چاپدەکات کە باس لە جیاوازی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپای خۆرسکدەکات.

*1943: سارتەر بە بڵاوکردنەوەی کتێبی بوون و نەبوون ئەندێشەکانی هایدگەر تەواو دەکات و فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیزم دەخاتەڕوو.

*1953: بڵاوبونەوەی کتێبی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگشتاین دوای مردنی ئەو، بەتۆپک گەیشتنی قۆناغی لێکۆڵینەوەی زمان.

سالنامەی ژیانی ئەرستۆ

*384پێش زاین: ئەرستۆ لە ئەستاگیرا کە کەوتۆتە نیمچە دوورگەی (هالکیسردیکی) باکوری یۆنان لەدایکبووە.

*367پ.ز: دەچێتە ئەکادیمیای ئەفلاتون لە ئەسیناو بیست ساڵ لەوێ دەباتە سەر.

*347پ.ز: کاتێک کە دوای مردنی ئەفلاتون ناکرێتە سەرۆکی ئەکادیمیا، ئەسینا جێدێڵێ و دەربارەی (هیرمیاس)ی فەرمانڕەوای ئاتارنیوس، لەئاسیای بچوک نیشتەجێ دەبێ.

*347پ.ز: لەگەڵ (پوتیاس)دا زەماوەند دەکات.

*344پ.ز: دەچیتە دوورگەی نزیکی (سبوس) و لەوێ لە (موتیلنە) نیشتەجێ دەبێ.

*343پ.ز: دەبێتە مامۆستای تایبەتی ئەسکەندەر لە تەمەنی مێر منداڵیدا.

*339پ.ز: دەگەڕێتەوە ئەستاگیرا.

*335پ.ز: دەگەڕێتەوەئەسیناو لیسیۆم وەک ئەکادیمیابنیات دەنێ.

*323پ.ز: دوای مردنی ئەسکەندەر، هەستی دژە

مەقدۆنی لەئەسینا ئەرستۆ ناچار دەکات، لەوێ رابکات. لە خالکیس کە دەکەوێتە دورگەی ئەبوئیا نیشتەجێ دەبێ.

*322پ.ز: لە تەمەنی 63ساڵیدا لە ئەبوئیا کۆچی دوایی دەکات.



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## ساڵنامەی سەردەمی ئەرستۆ

*390پێش زایین: شکستی رۆم لەبەرامبەر (گۆل)ەکان پەرەسەندنی قەڵەمڕەوی رۆم رادەگرێ.

*380پ.ز: مردنی ئارلیتوفانس، نوسەری نمایشنامەی کۆمێدی.

*367پ.ز: حکومەت لەچوارچێوەی پۆستی کۆنسوڵگەرێتی لەرۆم دادەمەزرێ. مەرگی دیونوسیوسی یەکەم، زۆرداری سیراکوس، و گەڕانەوەی دووبارەو کورتخانەی ئەفلاتوون بۆ سیسیل.

*361پ.ز: سێیەمین سەفەری ئەفلاتوون بۆ سیسیل.

*353پ.ز: مردنی شاماوسولوس، کە لەماوسولوم، یەکێک لە حەوت سەیروسەمەرەکانی جیهاندا، دەنێژرێ.

*348پ.ز: پەیماننامەی دووەمی نێوان رۆمو کارتاژ.

*347پ.ز: مەرگی ئەفلاتوون.

*335پ.ز: ئەسکەندەری مەزن، دەبێتە جێنشینی فلیپی دووەمی باوکیو قۆناغی داگیرکاریەکانی دەست پێدەکات.

*326پ.ز: ئەسکەندەری مەزن، دەگاتە دەروازەی هیندستان، لەکاتێکدا کە ئیمپراتوریەتەکەی لەسنوورێکی گەورە دەگرێتە خۆیو لە دەریای ئادریاتیک، تا ئەو بەری رووباری سند درێژ دەبێتەوە.

*323پ.ز: مەرگی ئەسکەندەری مەزنو بەدوایدا، هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی.

**سەرچاوە:**

ئاشنایی بە ئەفلاتوون

وەرگێڕانی فارسی: شەهرام حەمزەیی

*ناوی کەسەکانو کتێبەکان زۆرجار لە وەرگێڕانەکاندا لەیەک جیان. بۆیە دڵنیام ئەوەی لای ئێمەش رەنگە ورد نەبێ (و.گ).